https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# سیستەم و پێگەی ڕێکخستن و سەندیکا پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی

م. ی. ستار شیخ حسن
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
star.hasan@soran.edu.iq

**پوختە**

ماوەی دەسەڵاتداری عوسمانی بەچەندین تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە لە سەردەمەکانی پێشووتر، نەک تەنها بە درێژی ماوەی حوکم و فراوانی جوگرافییەکەی، بەڵکو بە بوونی سیستەمێک کە بایەخێکی گەورەی هەبوو لەڕووی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و سیاسی و سەربازی و ئاینی هەتاکو شارستانیش کە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە.

زیادبوونی چالاکی پیشەیی و گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە نێوان پیشەگەران و لەگەڵ توێژەکانی تر و دەسەڵات و پێویستی پاراستنی پیشەگەری بووە هۆی زیادبوونی بایەخی ڕێکخستنە پیشەییەکان، بەوپێیەی ڕێکخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی خاوەن بنەما ڕەوشتییەکان بوون، ئەندامانیشیان هێزی کارای کۆمەڵگە و زۆرینەیان پێکدەهێنا و ڕۆڵیان هەبوو لە پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان گرووپە پیشەگەرییەکان و پەیوەندی تاکەکانی.

**وشە کلیلییەکان:** ڕێکخستن، پیشەگەری، خاوەن پیشە، سەندیکا، سنفەکان، دەوڵەتی عوسمانی.

## سیستەم و پێگەی ڕێکخستن و سەندیکا پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی

### پێشەکی

یەکێک لە دیارترین سیما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕێکخستنە پیشەییەکان بوون، کە ئەندامانیان گرنگترین دەستە و گروپی کارای کۆمەڵگەیان پێکدەهێنا و بەهۆیانەوە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە پتەوتر بوون بە بەشداری چالاکانەی پایەدارەکانیان، زۆربەشیان لە شارەکان و چینی ناوەڕاست بوون، لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەش ئەو ڕێکخستنانەش لە ڕێکخستنی سادەوە گۆڕان بۆ ڕێکخستنی تۆکمە و بەهێز. هەروەها پیشەگەری بەهۆی ڕێکخستنەکانەوە توانی پارێزگاری لەمانەوەی خۆی و داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئایدۆلۆژیای ئاین بکەن و بەشداربن لە بوژاندنەوەی هەموو لایەنەکانی ژیان و ڕۆڵیان هەبێت لە کرداری بە میراتیکردنی پیشەگەری بۆ خێزانەکان.

ئەم توێژینەوەیە ئاشنامان دەکات بە ڕێکخستنەکانی پیشەگەران و بەدیارخستنی سنفەکانیان کە لەشێوەی سەندیکا پیشەییەکانی ڕۆژگاری ئێستا کاریان کردووە و نوێنەرایەتی خاوەن پیشەکانیان کردووە لەبەرامبەر دەوڵەتدا، و زانینی بنەما و بنچینەکانی پێکهێنانی ئەو سەندیکایانە و دیاریکردنی ئەرک و ماف و پابەندبوونی ئەندامانیان لە پێناو دابینکردنی ئاستی پێویستییان.

لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی (سیستەم و پێگەی ڕێکخستن و سەندیکا پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی)یە، ڕێبازی تەرکیبی شیکاری پەیڕەو کراوە، تێیدا بابەتیانە چەمکی ڕێکخستنی پیشەگەری کە لە سنفدا خۆی دەنواند و پەیکەری ڕێکخستنەکانیان و پایەکان و پلەبەندی کارامەیی خاوەن پیشەکان و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پابەندبوونی پیشەگەران لە چوارچێوەی ڕێکخستن و بەها کۆمەڵایەتییەکان دیارخراون، هەموو ئەمەش بە گشتی لە سەرانسەری

دەوڵەتی عوسمانی وەرگیراوە و سنفەکانیش بەگشتی باسکراون و لێک جیا نەکراونەتەوە، چونکە هەموویان لە هەموو ناوچەکان سیمای گشتی هاوبەشیان هەبووە و بارودۆخیان لەیەک دەچن، ئەگەرچی لەهەندێ وردەکاری هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێن کە ئاماژەیان پێکراوە، ئەستەمیشە یەکبەیەک و شوێنبەشوێن باسیان بکرێ، بەتایبەتی لەبەر نەبوونی وردەکاری تەواو لەسەر هەریەکەیان بەجیا، هەرچەند هەندێ لە سەندیکاکانیان کاریگەرتر بوون، هەروەها سروشتی بابەتەکە دەخوازێ کە ڕێبازی تێکهەڵکێشراو پەیڕەو بکرێ و شیکاری زانستی بۆ بکرێ.

لە توێژینەوەکەدا سەرچاوەی گرنگ بەکارهێنراون کە بەشێکیان تایبەتن بە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچەکە و بەرهەمی کارکردنی فراوانی نوسەرەکانیانن لە نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، وەک (مجموعة مؤلفين، الدولة العثمانية تاريخ وحضارة، إشراف وتقديم: أكمل الدين احسان أوغلي, ترجمة: صالح سعداوى) و (عبدالله حنا، حركات العامة الدمشقية في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر "نموذج لحياة المدن في ظل الاقطاعية الشرقية") و (هاملتون جيب و هارولد بوين، المجتمع الاسلامي والغرب) و (د. خليل إينالجيك، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار)، جگە لە نامەو تێزی ئەکادیمی وەک (عائشة غطاس، الحرف والحرفيون بمدينة الجزائر ١٧٠٠_١٨٣٠ مقاربة اجتماعية–اقتصادية، أطروحة دكتوراه) و (مريم حميدي و نادية حموش، نظام الطوائف الحرفية في الدولة العثمانية خلال القرن ١٠هـ/١٦م "بلاد الشام ومصر" نموذجا، رسالة الماجستير)، کە هەریەکەیان زانیاری و ئاماژەی گرنگیان تێدایە سەبارەت بە توێژینەوەکەمان.

## گەشەکردنی ڕێکخستنی پیشەیی:

کۆمەڵگەی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی دابەش ببووە سەر دوو بەشی سەرەکی، یەکەمیان دەسەڵاتداران، دووەمیشیان کە زۆرینەیان پێکدەهێنا چەند دەستەیەکی لەخۆ دەگرت وەک بازرگان و پیشەگەر و

خەڵکی ئاسایی، دەستەی کارای کۆمەڵیش پیشەگەر و خاوەن پیشەکان بوون.

بەگشتی کەرتی پیشەیی جۆراوجۆر، کەرتێکی فراوان و جەماوەری بوو، لەشاردا کەرتی سەرەکی پێکدەهێنا، تا ئەو کاتەی ئەو پیشانە پیشەی ماڵەوە بوون، بوونی ڕێکخستن و سیستەمێکی دیاریکراو زەرورەتێک نەبوو بۆ دەستەبەری ئەرک و مافیان، بەڵام دوای پێشڤەچوونی چالاکی پیشەگەری و پەیوەندییە پیشەییەکان، پێویستی بە سیستماتیک کردنی ئەو چالاکیانەی هێنایە گۆڕێ و ڕێکخستنی نێو خاوەن پیشەکانیش لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە کارێکی حەتمی، تاکو یەکڕیزی ناو ئەو گلۆتەی کۆمەڵ بێتەدی، ئەویش مەبەست ئەو ڕێکخستنانەیە کە چینەکانی کۆمەڵگەی دروست کردووە لە بزاوتە مێژووییەکەیدا، ئەویش بریتی بوو لە (سنف)، کە هاوشێوەی سەندیکا پیشەییەکانی سەردەمی ئێستان، بەجۆرێک هەریەک لە جۆرەکانی پیشەگەری سنفی تایبەت بەخۆی هەبووە و خاوەن پیشەکان لەژێر چەتریدا کۆبوونەتەوە و خۆیان ڕێکخستووە، ئەو ڕێکخستنانەش بوونەتە سیمای ئابووری و کۆمەڵایەتی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

بە گەڕانەوە بۆ بنەچەی ڕێکخستنی پیشەگەری و سەندیکا پیشەییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی، دەردەکەوێت کە ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنیان هەیە و میراتی فەرهەنگی ناوچە فراوان و فرە کەلتورەکەیە، بەتایبەتیش بەشە زۆرەکەی لەژێر کاریگەری سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیدابوو، لە پاڵ ئەو بەشەی ئەورووپا کە کەوتبووە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی.

سنف وەک مێژوونوسە کۆنەکان لەسەری کۆکن، هەر لەسەرەتاوە بەکارهاتووە بۆ کۆمەڵەکانی پیشەگەری لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، هەر بۆیەش لەهەندێ شوێنی وەک میسر و شام لەجیاتی سنف دەستەواژەی (تایەفە) یان (کۆمەڵە) بەکارهاتووە، هەرچەندە کۆمەڵە بۆ گرووپە

پیشـــەییەکان لەســـەردەمی مەمالیکەکـــان بەکارهـــاتووە و لەســـەردەمی عوسمانییەکان بەکارنەهاتووە (غطاس،٢٠٠١: ١٤٥).

لێکۆڵەرە نوێیـەکان پێناسـەی جۆراوجۆر بۆ سنف دەکـەن، هەروەک لویس ماسینیۆن(١٨٨٣–١٩٦٢) پێی وایـە (سنف) دەزگایـەکی سـەندیکاییە، هەڵدەســـتێ بەڕێکخســـتنی پیشـــەگەری و پاراســـتنی نهێنیـــەکانی و جیگیرکردنـی نرخـی بەرهـەم و خزمەتگوزارییـەکانیان بـە دادپـەروەری و پاراستنی ئاستی پیشە مرۆییەکان (الشیخلي، ١٩٧٦: ٦٥–٦٩).

سـنفەکان کە ڕەگ و ڕیشـەیان لـە کۆمـەڵگەی ئیسـلامی دەگەڕێتـەوە پـێش عوسـمانییەکان و بـۆ سـەردەمی عەباسـییەکان، بگـرە لە شـارەکانی بەشی ئەوروپاش ئەو جۆرە ڕێکخستنانە هەبوون، بۆ نموونە ئەستانبۆل لەســەردەمی پــێش عوســمانییەکانیش ســەندیکای بازرگــانی و پیشــەیی لێبـووە، بەڵام لە سـەردەمی عوسـمانییەکان گەشـەی زیاتریـان کـردووە و ژمارەیـان لە سـەردەمی سـوڵتان محمـد فـاتح (١٤٥١–١٤٨٢ز) زیـادی کردووە (Kia, 2011: 84).

بەرلەوەی ڕێکخســتنە پیشــەییەکان لەشــێوەی ســنف دەربــکەون، پیشەگەران لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەنێو کۆمەڵەکانی فتوەی[١] سۆفیگەری خۆیـــان دەرخســـتووە و تەکـــیە و خانەقاکـــان[٢] بـــوونەتە شـــوێنی کۆبوونەوەیــان، بەجۆرێــک پیشــەگەری و فتــوە ببــوونە دوانەی لێــک جیـانەکراو، بەتـایبەتی کە مەرجـی چـوونە نـاو فتـوە موسـڵمان بـوون و خاوەن پیشە بوونبووە، هەربۆیەش دوای دوورکەوتنەوەشیان لە تەکیە و خانەقاکـان و دروسـتکردنی ڕێکخسـتنی پیشـەیی تـایبەت بەخۆیـان، کەچـی هێشتا لەژێر کاریگەری نەریتی فتوە دابوون، فتوەش لە ئەنادۆڵ[٣] لەژێر نـاوی ئەخیـان یـان ئەخـیە (آخیلـک)[٤] بـوو، کە ڕۆڵـی دیاریـان هەبـوو لە ســەرهەڵدانی دەوڵەتــی عوســمانی و فراوانخوازییەکــانی بەتــایبەتی لەلای ڕۆژئاوا، و هەندێ لە سوڵتانە بەراییەکانی عوسمانی شوێنکەوتووی ئەو

ڕێکخستنانه بوون (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣ ؛ Faroqhi, 2009: 28–29).

ڕەوشی پیشەگەران و پێویستیان بە پێکەوە ژیان بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە و ڕێکخستنێک کە بەیەکەوە بیان بەستێتەوە، پێویستی هەبوونی شوێنی کۆبوونەوەی هێنایەکایەوە، پاشان وردەوردە دوورکەوتنەوە لە تەکیە و خانەقاکان (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣–٧٢٤) و دواتر لە ئەنجامی زیادبوونی چالاکی پیشەگەری و جۆراوجۆربوونی پسپۆری و پەیوەندییان بەیەکەوە و پێشکەوتنی پەیوەندییە بەرهەمییەکان لە نێوان پیشەگەران لەلایەک و هەریەک لە جوتیار و بازرگانەکان لەلایەکی ترەوە (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٨٩)، زەمینەی دروستکردنی سنفەکانی پیشەگەری ڕەخساند کە هەمووان لەخۆبگرێت، هەرچەندە بەهۆی هەندێ ناکۆکی لەسەدەی هەژدەم جیابوونەوەی سنفەکانی موسڵمان و ناموسڵمان لەیەکتری بووە دیفاکتۆ (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣–٧٢٤), بەمەش گرنگی سنفەکان زیادی کرد وەک ڕێکخستنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی پیشەگەران و مسۆگەرکردنی ئاستی پێویستییان و دیارکردنی بەهای کار و کاڵاکانیان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لە نێوخۆ و لەگەڵ دەوڵەتدا (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٨٩ ؛ الحمداني، ١٩٨٩، ١٧٥).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ سنف و دەستە پیشەییەکان بکرێن بە سێ کۆمەڵە پیشە بەپێی پسپۆری و ئەرکەکانیان، هەر یەک لەوانیش چەندین سنفی تری پیشەیی لەخۆدەگرن، ئەوانیش بریتین لە گروپی پیشە بەرهەمهێنەکان و گروپی پیشە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها گروپی پیشەکانی تایبەت بە بازاڕکردن و بازرگانی.

ژمارەی سنفەکانی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی گەلێک زۆرن، بەشێوەیەک بۆ هەموو جۆرە پیشەیەک و لە هەر ناوچەیەکی عوسمانی سنفی تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەهەندێ سەردەم بۆ ئاینزاکانیش بەجیا، ئەستانبۆل لەهەر شارێکی تر زیاتر ڕێکخستنە پیشەییەکان تێیدا گەشەیان

کـردووە، دواتـر لە هەنـدێ شـاری گەورەی وەک سـالۆنیک و بەلگـراد و بۆرســە و ئەدرنە و قــاهیرە و دیمەشــق و موســڵ، پاشــان لە شــارە بچوکترەکـانیش وەک ئەماسـیە (Qwataert, 2005: 136)، تەنیـا لە ئەســتانبۆلی پایتەخــت لەســەدەی حەڤــدەم زیــاتر لە هەزار ســنفی جۆراوجۆری پیشەیی، و نزیکەی هەشتا هەزار خاوەن پیشـە و پیشـەگەر و بیست و سێ هەزار شوێن و وەرشـەی پیشـە هەبوون، ئەو ژمارەیەش لە سـەدەکانی دواتـر بەرزبـۆتەوە بـۆ هەزار و شـەش سـەد و چـل سـنفی پیشـەیی و بازرگـانی (Kia, 2011: 84–85)، لە شـارەکانی تـریش بە دەیان و سەدان بوونە، تەنانەت هەموو کۆمەڵگەی عوسمانی دابەش ببووە سـەر چەنـد گـرووپ و سـنفێک لەوانـە، پیـاوانی شمشـێر، پیـاوانی قەڵـەم، بازرگان، پیشەگەران، جوتیار، کۆیلەکان, هەریەک لەو گرووپانەش کاری خۆی دیار بوو، بێ ئەوەی ڕەوا بێت دەست لەکاری یەکتر وەربدەن، سنفە پیشەییەکانیش هێزی کارای کۆمەڵگەبوون (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٢٣٩).

لە هەنــدێ نــاوچەدا هۆزەکــان و خێزانەکــان ڕۆڵیــان هەبــووە لە ڕێکخســتنە پیشــەییەکان و تــاڕادەیەک ســنفەکان مــۆرکی تیــرەگەری و بنەماڵەییان پێوەدیارە، چونکە هەر تیرە و بنەمـاڵەیەک بە جـۆرە پیشـەیەک ناسـراونەتەوە و جۆرێک لە دابەشکاری هەیە لە نێوانیـان لە تایبەتمەنـدی پیشــەیی، بـۆ نمـوونە هەنـدێ لە تیرەکـان بە کـۆڵبەری خەریـک بـوونە و هەندێکی تر بە خەڵوزکردن و هی تر بە قەسابی و حەمامچێتی و ...هتد (باشـا، ٢٠٠٩، ٢٥٣–٢٦٩)، هەروەهـا هەنـدێ نـاوچەش هەبـوون زۆرتـر لە بوارێـک یـان دووان کـارامە بـوون و پێـی دەناسـرێنەوە، بـۆ نمـوونە ئەندەلوســـییەکان بە تەلارســـازی (القفصـــي، ١٩٨٨: ٦١٠)، هەر ئەوەش وایکــردووە ئەو پیشــانە ببــنە نازنــاوی ژمــارەیەکی زۆر لە بنەمــاڵە و خێزانەکــان و تــا ئێســتاش ئەو خــانەوادانە بەو نازنــاوانە دەناســرێنەوە (الجمیل، ١٩٩٧: ٨٩).

**ئامانجی ڕێکخستنە پیشەییەکان:**

ئامانجی ڕێکخستنە پیشەییەکان سەرپەرشتیکردنی پیشەییانەی سەر ئەندامەکانی بوو، لە سەرپەرشتی و چاودێریکردنی کرداری دروستکردن و چۆنیەتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها گرنگیدان بە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان خاوەن پیشە و کرێکاران، لە ئەرکەکانی تری پارێزگاری کردن بوو لە ئاسایشی ڕێکخستنە پیشەییەکان، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی دەسەڵات و دانیشتوانی شار. جگەلەوە ڕێکخستن و سنفی پیشەگەری شانەیەکی کارگێڕی بوو یارمەتی دەسەڵاتی دەدا بۆ کۆنترۆلکردنی هاوڵاتییان، هەروەها دەوڵەت لەڕێی ئەو ڕێکخستنانەوە چاودێری و سەرپەرشتی پیشەگەر و خاوەن پیشەکانی دەکرد و باجەکانی وەردەگرت، لەکاتی شەڕیشدا سەربازگرتنی بۆ ئاسان دەکرد.

هەرچەندە پیشەگەرانی ناو ڕێکخستنە پیشەییەکان یەکسان بوونە، بەڵام لەنێویاندا گرووپ هەبووە ڕۆڵی زیاتربووە لە یەکێکی تر، کە ئەوانیش گەورە پیشەگەر و خاوەن ئەزموونەکان بوون و لەشێوەی دەستەیەکی ڕاوێژکاری یارمەتی سنفەکەیان دەدا بەبێ ئەوەی سیفەتی فەرمی و یاساییان هەبووبێت، ئەوانە بەشدارییان کردووە لە دانیشتنەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی نێوان پیشەگەران و ڕێکەوتنەکانی سنفەکەیان لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٨_٢١٢).

تێبینی دەکرێ ئەو سنفانە ئامرازێک بووبن بۆ گەیشتن بەهێز و پێداویستییەکانی ژیان، هەروەک دەگوترێ: ((مرۆڤ ناتوانێ ژیان و بوونی خۆی مسۆگەر بکات، تەنها بەکۆمەڵ و هاوکاری نەبێت، بۆ گەیشتن بەهێز و پێداویستیەکانی)) (فروخ، ١٩٨٤: ٤٦)، هەروەها ئامرازێکیش بوون بۆ دەربڕینی مەیل بۆ کۆمەڵگە و هەستکردن بەهاونیشتمانی بوون.

سنفە پیشەییەکان نیمچە سەربەخۆ بوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیـان، و ئەنـدامانی هەمـوو سـنفەکان جۆرێـک لە سـۆزیان بـۆ سـوڵتان هەبـوو، ئەمەش مـۆرکی ئـاینی بەسـەر زاڵ کردبـوو, بەڵام سـۆز و لایەنگریـان بـۆ ڕێکخسـتنە پیشـەییەکانیان مـۆرکی مـاددی ئـابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو (الشناوي، ١٩٨٠: ٦٨٥). هەروەهـا نەریت و ڕەوشـت و مەراسیمی خۆیان هەبووە و خاوەنی دەزگا و کەرەستەی خۆیـان بـوون و هەریەک سـیمبول و ئـاڵای تـایبەتی هەبـوو، هەمـوو سـنفێکیش وەلـی یـان پیرێک یـان دووانـی هەبـووە، کە باوەڕیـان وابـوو ئەو وەلییە داهێنەر یـان نـوێکەرەوەی پیشـەکەیانە، ئەمـانەش هەردەم لە کەسـایەتییە ئاینییەکـان بوون بەزۆریش لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) (ونتر، ٢٠٠١، ٣٦٥).

**کوردستان و ڕێکخستنی پیشەگەری:**

سـەبارەت بە شـارەکانی کوردسـتان هەرچەنـدە زانیـاری وردمـان لەبەردەستدا نین لەبارەی بوونی ڕێکخستنە پیشـەییەکان، بەڵام لە شـارە گرنگەکانی باکووری کوردستان وەک ئامەد و وان و بەدلیس و ماردین و مەڵاتیە، بەو پێیەی چالاکی پیشـەگەریان تێدا فراوان بووە و پیشـەگەری کـارامەی زۆریـان تێـدابووە لە بوارەکـانی ئاسـنگەری و دەبـاغی (پێستەخۆشـکردن) و بەرگـدووری و جـۆڵا و تەونکـاری و بۆیەسـازی (خمچێتـی) (چلبـي، ٢٠١٤: ١٥٦_١٥٧و٢٤٦ ؛ برانـت، ٢٠١٤، ٨٣_٨٤)، باشووری کوردستانیش بەهەمان شێوە چالاکی پیشـەگەری جۆراوجۆر و خـاوەن پیشـەی بەتوانـای هەبـووە لە بوارەکـانی دەبـاغی و سـەڕاجی (کورتاندووری) و دارتاشی و سەرتاشی و ڕستن و چنین و ئاسنگەری و بەرگدووری و چەخماخسازی و سفرسازی و سەعاتسازی و جۆڵایی و خەڵوزکاری و دروستکردنی شاڵ (شوانی، ٢٠٠٩، ١٧٤_١٧٥ ؛ هەروتی، ٢٠١٣: ١٩٠_٢١٦ ؛ مراد و البوتاني، ٢٠١٣: ٢٩_٣٠و ٤٣و٥٥)، بەتایبەتیش کە لە دەوروبەریاندا ئەو سەندیکایانە دیاردەیەکی بەربڵاوبوون، بۆیە ڕێی تێنـاچێ لەنێـو ئەو دەوروبەرە کوردسـتان ئەو جـۆرە ڕێکخسـتنانەی

تێدانەبووبێت و خاوەن پیشەکانی بیریان لە خۆ ڕێکخستن نەکردبێتەوە، بەتایبەتی شارە گرنگەکانی. هەرچەندە توێژەرێک زیاتر لەوباوەڕەدایە ئەو سەندیکا و ڕێکخستنە پیشەگەرییانە لە کوردستان بوونیان نەبووبێ، بەتایبەتی لەسەدە یەکەمەکانی دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان، ئەویش بە پشت بەستن بە نەبوونی ئاماژەی لەوجۆرە لە گەشتنامەی گەڕیدەکان، ئەگەرچی ئاماژە بە ئەگەری تێبینی نەکردنی ئەو گەڕیدانە دەکات بۆ ئەو دیاردەیە (هەروتی، ٢٠١٣: ٢١٦).

هەندێ ئاماژە و بەڵگەنامەی عوسمانیش هەن کە بوونی ئەو ڕێکخستنە پیشەگەرییانە دەسەلمێنن لە شاری کەرکوک ئەویش بە تۆمارکردنیان لە ساڵنامەی[٥] ساڵی ١٩١١_١٩١٢ز (شوانی، ٢٠٠٩: ١٧٦)، هەروەها بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەیەکی تری عوسمانی، شاری هەولێر ژمارەیەکی زۆری پیشەگەری تێدابووە تا ئەو ئاستەی جۆرە پیشەیەکی وەک سەڕاجی گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبووە (مراد، ٢٠١٥: ١٣٣)، ئەمەش ئەوەمان نیشاندەدات کە ئەو ژمارە پیشەگەرە ناکرێ بەبێ ڕێکخستنی تایبەت بووبن لەکاتێکدا لەناوچەکانی تری دەوروبەری دیاردەیەکی باوبووە.

شیاوی باسە لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانیش ژمارەیەکی یەکجار زۆری کورد هەبوون کە پیشەگەر و خاوەن پیشە بوون و ئەندامی سەندیکا و ڕێکخستنە پیشەییەکان بوون، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەستانبۆلی پایتەخت هەزاران پیشەگەر و کرێکاری کوردی تێدابووە، زۆربەشیان لەنێو سنفی کۆڵبەرەکان بوون و ئەوانی تریش لە پیشە خزمەتگوزارییەکان و دارتاشی و خەڵوزکاری و شاگردی پیشە جیاوازەکان، کوردێکیش بەناوی (زارۆ ئاغا)[٦] زیاتر لە بیست ساڵ کتخدای[٧] سنفی کۆڵبەران بووە لە ئەستانبۆل لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٦٦و١٨٦).

**پەیکەری ڕێکخستنی سنفە پیشەییەکان (پۆست و پایەکان):**

پێشڤەچوونی پیشەگەری، ڕێکخستنی پیشەیی بەدوای خۆداهێنا، کە ڕێکخستنی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی سنف و پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ سنفەکانی دیکە یان لەگەڵ دەسەلات لەخۆدەگرت، بۆیە هەموو سنفە پیشەییەکان پێویستبوو کەسانێک هەبن بەڕێوەی ببەن و نوێنەرایەتی بکەن هەریەک بەپێی پسپۆری خۆی، بەو جۆرە سنفەکان لە پۆست و پایەدا بوونە خاوەنی پەیکەرێکی ڕێکخستنی دیاریکراو لە هەموو دەوڵەتی عوسمانیدا.

لە وردەکاری ڕێکخستندا سەندیکا و سنفەکانی پیشەگەری جیاوازییان هەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکی تر و لەنێو نەتەوە و ئاینزا جیاوازەکان، تەنانەت لە سنفێکەوە بۆ یەکێکی تریش و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تریش جیاوازی بەدی دەکرێ، هەتاکو لە ڕۆڵ و پێگەیان لە کۆمەڵگەی عوسمانی و لە شێوازی ڕێنوێنی و ئاراستەکردن و بایەخدا جیاوازیان هەبوو، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەک بەلقان ( Freitag, 2011: 199_200) و بەشەکانی تری وەک ئەنادۆل و شام و عێراق و حیجاز و لوبنان و فەلەستین و جەزائیر و کوردستان...هتد، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان سیستەمێکی گشتییان پەیرەو کردووە، کە پێکهاتەیەکی شێوە هەرەمییان هەبووە لەسەرەوە بۆ خوارێ.

**کتخدا _ شێخی سنف:**

لەسەرووی هەر سنفێک کەسێک هەبووە نوێنەرایەتی دەکردن لەبەرامبەر دەوڵەتدا و کارەکانی ناوخۆی بەڕێوەدەبرد و نهێنیەکانی دەپاراستن، کە لە شارە تورکییەکان پێی دەوترا (کتخدا_ کەهیە) و لەناوچە عەرەبییەکانیش (شێخ)ی پێ دەوترا، لەهەندێ شوێنیش (گەورەی پیشە) یان (سەرۆکی پیشە) و لە جەزائیریش (ئەمین) بەکارهاتووە (غطاس، ٢٠٠١: ١٨٩).

هەبـوونی کتخـدا لەهەر سـنفێک بـایەخێکی گەورەی هەبـوو، چـونکە نیشــانەی ســەربەخۆیی ســنفەکە بــوو، هەر ســنفێک کتخــدای نەبــایە بە سەربەخۆ دانەدەنرا، خاوەنی ئەو پایە کەسێکی بەتوانا و سەربەخۆ بووە و بە هەڵبـژاردن لەنێـو وەسـتا و گەورە پیشـەگەران دیـاری دەکـرا، دواتـر بەئامادەبوون و بڕیاری وەستاکان بە ڕەسمی لەلایەن قازی دادەنرا و لە تۆمـاری دادگـا تۆمـاردەکرا (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٣٥ ؛ إیـبش، ٢٠١٢: ٢٤)، و پیشـەگەران پاپەند دەبوون پێیەوە. دانانەکەشـی بەبڕیـاری ڕەسـمی قـازی جۆرێـک لە هۆشــداریدان بــووە بە ئەنــدامان بــۆ پابەنــدبوون پێــوەی و بەرهەڵستی نەکردنی، هەروەهـا مـافی مەعنەویشـی بۆ دەستەبەر دەکـرد وەک پێویستی ڕێز لێ گرتنی لەلایەن ئەوانی تر و پێگەیەکی جیاوازتری پێ دەدا لەوانی دیکە.

ســەبارەت بــە وەرگرتنــی پلەوپایــەی شــێخی ســنف (کتخــدا)، ئەوا بەگشتی لەلایەن وەستا دیـار و کۆنەکانـەوە هەڵدەبژێردرا (العطـار، ١٩٧٦: ٣٢٥ ؛ الجمیــــــل، ١٩٩٧: ٨٦)، کە لە کۆبــــــوونەوەی موســــــڵمان و ناموسڵمانەکانی نـاو سنفەکە، موسڵمانێک دیـاری دەکـرا لەسـەردەمەکانی بەرایـی، بەڵام دواتـر لەنێـو گرووپـی زۆرینـەی نـاو سـنفەکە دەبـوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرا لەکاتی زیادبوونی ئەندامانی گرووپەکەی تر هەڵبژاردن بکرێت و کتخـدایەک هەڵبژێـردرێ، کـاتێکیش ناموسـڵمانەکان (مەسـیحی و جـولەکە) ڕێکخسـتنی پیشـەیی تـایبەت بەخۆیـان دروسـتکردن، کتخـدایان لەنێو خۆیان دادەنا (مجموعـة مؤلفین، ١٩٩٩: ٧٢٥)، بـەڵام ئـەو هەڵبژاردنـە بەڕێککـەوتن بـووە نـەک بەدەنگـدان، ئەگـەر بـەڕێککـەوتنیش نەگەیشـتبانە ئـەنجام، ئـەوا شـێخی سـنفەکان (کتخـدای گەورە) یـەکێکی لـە پـاڵێوراوان دادەنا، دواتر ئاهـەنگی دانپێدانانی بۆ دەکـرا و ئـەویش سـوێندی دەخـوارد (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥).

هەرچەندە بەزۆری بەتەمەنەکان ئەرکی کتخدایان وەرگرتووە، بەڵام هەموو کـات مەرجـی سـەرەکی نەبووە و نموونەی کەسـی گەنـج هەن لەو

پۆستەدا (غطاس، ٢٠٠١: ١٩١)، زۆر جاریش وەستاکان دەیانتوانی کتخدا لە پۆستەکەی لابدەن گەر بیانویستایە و کارەکانی لەسنووری خۆی تێپەڕبووایە، یان ئەندامانی سنف لێی نارازی بوونایە لایان دەداو یەکێکی تریان دادەنا (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٣)، هەروەها ڕێگرییان دەکرد لە دەستوەردانی حکومەت لە دانانی کتخدای نوێ و سەپاندنی کتخدایان لەلایەن والی و قازی ڕەتکردووەتەوە (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٣٥).

هەموو کات شێخی سنف_کتخدا بەڕێککەوتن و هەڵبژاردن و دیموکراسی دانەدەنرا، بەڵکو هەندێ جار لەلایەن دەوڵەت یان والی و کاربەدەستان دانراون، هەروەها پایەکە بە میراتیشکراوە بۆ خێزانێکی دیاریکراو لە باوکەوە بۆ کوڕ، ئەمەش پێچەوانەی ڕێساکانی هەڵبژاردن نەبوو، چونکە ئەندامان ڕای خۆیان هەبوو، دەیانتوانی گەر کەسی بەتواناتر هەبووایە هەڵیبژێرن (أبو سليم، ٢٠٠٠: ٤١٦)، ئەوەتا لە موسڵ کە دەیان سنفی پیشەگەری لێبووە، لە سەردەمی جەلیلییەکان[٨] ڕژێمی پشتاوپشت لەو پۆستانەدا پەیڕەو کراوە، کە لە هەموو پیشەیەک بنەماڵەیەکی دیاری ناو سنفەکە، ئەو پۆستەی قۆرخ کردووە (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩١)، بەڵام ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بەوە هەبێت کە زۆر لەو پیشانە لە بنەڕەتدا بنەماڵەیی بوونە یان خێزانێک دەستی باڵایان تێیدا هەبووە، لەو بارەشدا هیچ ڕێگریەک نابێت کە بەڕەزامەندی و ڕای هەموو ئەندامان کەسێک بەبێ بەرهەڵستی پۆستەکە وەربگرێ.

لە کاتی هەبوونی زیاتر لە کەسێک بۆ پۆستی شێخی سنف لە هەندێ ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی قازی یەکلای دەکردەوە لەڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک و دیاریکردنی باشترینیان، هەندێ جاریش زانا ئایینییەکان دەستیان دەخستە نێو دیاریکردنی شێخی سنف لەپێناو سەرخستنن و دانانی پاڵێوراوێک کە پابەندی بنەما ئایینییەکان بێت و بەها بەرزەکانی تێدابێت (حميدي و حموش، ٢٠١٥: ٣٣).

شیاوی باسە حاڵەتی دەگمەن هەن کە لە هەندێ ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی هەندێ سنف زیاتر لە یەک شێخیان هەبووە، هەروەک لە ساڵی (١٦٣٣ز) لە قودس ئاماژەی بوونی دوو شێخ بەناوەکانی (حاجی محمد حسین) و (حاجی شحادە موسی) لە سنفی دەلالەکان دەبینرێ، ئەویش بە ڕەزامەندی قازی و ئەندامانی سنفی پیشەیی (الجبوري، ٢٠١١: ٢٤٣)، هەرچەندە وردەکاری بوونی دوو شێخی سنف و هۆکارەکەی دیار نییە، مەگەر لەبەر زۆری ئەندام و فراوانی و قورسی کارەکانیان بێت، یان بەهۆی ململانێ و بۆ ڕاگرتنی باڵانس بێت.

هەرچەندە بەگشتی کتخدا لە نێو سنفی پیشەگەرانی خۆی هەڵبژێردراوە، بەڵام نموونەی واش هەن لەهەندێ شوێن پیشەی کتخدای سنف جیاوازە لەگەڵ پیشەی سنفەکەی، بۆ نموونە خۆی بەرگدروو بووە و بۆتە شێخی کورتاندرووەکان (غطاس، ٢٠٠١: ١٩٤).

مانەوە لە پایەی شێخی سنف ماوەیەکی دیاریکراوی نەبووە، بەڵکو دەیتوانی تا لە ژیاندابێت بەردەوام بێت، ئەگەر هۆکارێک نەبووایە بۆ وازهێنان و گۆڕین و لادانی (حنا، ١٩٨٥: ٤٢)، تەنانەت حاڵەتی دەگمەنیش هەن کەوا کەسێک زیاتر لە جارێک و دووجاریش هەمان پۆستیان وەرگرتووە، دوای ئەوەی بەهەر هۆکارێک وازی هێنابێت دواتر گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی (غطاس، ٢٠٠١: ١٩٨)، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە کاریگەری و لێهاتوویی و ئەزموون و تەمەنی ئەو کەسەوە هەبووە کە جێی ڕەزامەندی ئەندامان بووە، یان بەهۆی بەهێزی دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵەکەی بووە توانیویەتی خۆی بسەپێنێ.

**ئەرک و ماف و دەسەڵاتەکانی شێخی سنف:**

شێخی سنف لەسەر ئاستی سنفەکەی کۆمەڵێک ئەرک و کاری هەبووە و بەرپرسی یەکەم و سیمبولی بووە، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سنفی دەکرد و لە ڕووی ئابوورییەوە چاودێر بووە بەسەر

پیشە و کوالیتی بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی، لەهەمان کاتیشدا پارێزەر و پاسەوانیشی بووە، چاودێری کردنیشی بۆ کالا لە قۆناغی یەکەمدا دەستی پێ دەکرد لە دەسکەوتن و بەکارهێنانی کەرەسەی خاو، تاکو بەرهەمهێنانی کالا یان قۆناغی سوودمەندبوونی خەڵک، ئامانجیش لەمە پاراستنی پیشە بوو لەلایەک و پارێزگاری بەکاربەریش لەلایەکی ترەوە، لەو ڕووەشەوە سزای هەر پیشەگەرێکی دەدا کە زیان بە پیشەکە بگەیێنێ (حنا، ١٩٨٥: ٤٢)، ئەرکی تریشی بریتی بوو لە نوێنەرایەتیکردنی پیشەگەرانی سنفەکەی لە مەراسیم و ئاهەنگ و بۆنە ئاینی و سوڵتانیەکان (الجمیل، ١٩٩٧: ٨٦)، هەروەها پاراستن و ڕێکخستنی پەیڕەوی ناوخۆی سنفەکە و نەهێشتنی جیاوازی و ناکۆکی نێوان ئەندامان (الحمداني، ١٩٨٩، ٤٥)، زۆرجاریش سەربەست بوو لە پێدانی کار بە خەلفەکان (صناع) بە ڕاسپاردنی وەستاکان (حنا، ١٩٨٥: ٤٢).

لە سیستەمی باجیشدا شێخی سنف ڕۆڵێکی بالای هەبوو، بەشێوەیەک بەرپرس بوو لەبەرامبەر حکومەتدا، تا ئاستێک گەر پیشەگەرێک باجی لەسەربایە لەدوای مردنی، شێخی سنف سەرپەرشتی قەرزدانەوەکەی دەکرد ئەگەر بە فرۆشتنی دوکان یان کالاکانیشی بووایە، هەروەها ڕێگری دەکرد لە کڕین و فرۆشتنی دوکان و شوێنی پیشەکان گەر خاوەنەکەی باجی لەسەربایە یان قەرزدار بووایە (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٢).

هەرچەندە بەڵگەی سەلمێنەر نییە لەسەر ئەوەی شێخی سنف مووچەی هەبووبێت لە سنفەکەی، بەڵکو بەزۆری لەسەر کاری خۆیان ژیاون، بەڵام هەندێ ئیمتیازی مادديان هەبووە، بەهەر جۆرێک بێت پارەی شێخایەتی هەبووە، بەڵام لەوە ناچێت ئەو بڕە پارەیە پابەندبوونێکی جێگیر بووبێت لەسەر سنفەکان بەرامبەر شێخەکەیان (الجبوري، ٢٠١١: ٢٤٥).

لە بـواری کۆمەڵایەتیشـدا شـێخی سـنف پـێگەی خـۆی هەبـووە کە هەردەم بەرژەوەندی ئەندامانی پیشـەکەی لەبەرچاو گرتـووە، تەنـانەت لە دەرەوەی چوارچێوەی کـاری پیشـەیی چـاودێری مافەکـانی کـردوون، بـۆ نموونە لە دابەشکردنی میراتی میراتگران ڕۆڵی هەبووە، نەک هەر لەکاتی سـەرۆکایەتی پیشـەکەی، بەڵکـو لەدوای نەمانیشـیان لە پۆسـتەکانیان توانیویانە پێگەی خۆیـان بپارێزن و خەڵک ڕێزیـان لێ بنێ و پەنایـان بۆ ببەن لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی نێو پیشـەگەران (غطـاس، ٢٠٠١: ٢٠٢).

## یگیت باشی[٩] _ شاویش:

لـە پاڵ هـەر شـێخ یـان کتخدایەک یاریدەدەرێک هـەبوو پێی دەوتـرا (یگیت باشی– مامۆستای گەورە) یان (شاویش)، کە بە هـەڵبژاردن دادەنـرا لـە لایـەن خـاوەن پیشـەکان (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥ ؛ حنـا، ١٩٨٥: ٤٣)، لەڕێی ئەوەوە ئەندامانی سنف پەیوەندییان بـە شـێخەوە دەکرد. گرنگترین ئەرکەکانیشـی بریتـی بـوون لە بـەڕێـوەبردنی کاروبـاری نـاوخۆی سـنف لــەکاتی ئامادەنــەبوونی شــێخ و بەرپرســیارێتی تۆمــارکردنی ســنف و بەرپرسـیارێتی کڕینـی کەرەسـە سـەرەتاییەکانی پیشـەکەیان لـە بـازاڕ و دابەشکردنی بەسەر پیشەگەران، هەروەها ئاگادار کردنەوەی شێخ لە توانا و ئارەزووی هەر پیشەگەر و خاوەن پیشەیەک بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی (الجمیـل، ١٩٩٧: ٨٦ ؛ اینالجیـک، ٢٠٠٢: ٢٣٦)، جـگە لە پشـکنینی کـاڵای دروسـتکراو و چـاودێری ئەنـدازەی لەبەرچـاوگرتنی ئەو پێـوەرانەی سنفەکان دایاننابوون لە بەرهەمەکاندا، هەروەهـا چارەسـەرکردنی کێشـەی نێوان پیشەگەران (نصار، ٢٠٠٥: ٤٠).

لە نـاوچەی جەزائیر شـێخی سـنف یـان ئەمینـی کۆمەڵە پیشـەییەکان دوو یاریـدەدەری هەبـوو، یەکیـان پێـی دەوتـرا (شـاویش) کە هاوشـێوەی یگیت باشی بووە لەکـاتی ئـامادەنەبوونی ئەمـین کارەکـانی ئەوی دەکـرد و وەک وتەبێـژی فەرمـی کۆمەڵەکەی بـووە، و لەنێـو ئەنـدامانی کـۆمەڵەکەی

دادەنران و لەلایەن خودی ئەمین دیاری دەکران، یاریدەدەری تریشیان پێی دەوترا (خۆجە) کە وەک نوسەرێک وابوو کاروباری پەیوەست بە کۆمەڵەی پیشەکەی تۆمار دەکرد (غطاس، ۲۰۰۱: ۲۰۸–۲۰۹).

**دەستەی خاوەن ئەزموونەکان (أهل الخبرة):**

جگە لە کەسە سەرکردەکان لەناو سنفەکاندا دەستەی خاوەن ئەزموونەکان (أهل الخبرة) هەبوو کە لە وەستا بە ئەزموونەکان پێکدەهات، ئەوانەش بۆچوونی خۆیان دەبوو لەسەر کاڵا و دانانی نرخەکان و دیاریکردنی خەلفەکان (صناع)، لەهەندێ سنفیشدا هەندێ ئەرکی کتخدا و یگیت باشیان هەڵدەگرت، لە هەندێ سنفی گەورە و پێشکەوتووی پیشەگەری ئەو لیژنەیە لە شەش کەس پێک دەهاتن، ئەندامەکانیشی لەنێو وەستاکان هەڵدەبژێردران و پێ دەچێ هەڵبژاردنەکە بە کۆدەنگی بووبێت و دواتر گەر هیچ گازندەیەک نەبووایە وەستاکان دەچوونە بەردەم قازی بۆ تۆمارکرنی دانانەکە لە تۆماری دادگا (اینالجیک، ۲۰۰۲: ۲۳۶–۲۳۷)

**دەستەی پیران (اختیارلر):**

دەستەیەک لە گەورە وەستا و پیشەگەرەکان پێکدەهات کە بە دەستەی پیرەکان (اختیارلر) دەناسران (جیب و بوین، ۱۹۹۷: ۳۱۷–۳۱۸)، ئەوانە وەک دەستەیەکی ڕاوێژکاری بوون کە شێخی سنف لەکاتی پێویستدا ڕاوێژی پێکردوون و بەشداری دانانی نرخ و سەرپەرشتی پێوانە و تەرازوویان کردووە و لەکاتی پێویستبوونی سزادانی پیشەگەرێک ڕایان وەرگیراوە (مجموعة مؤلفین، ۱۹۹۹: ۷۲۵)، لەهەندێ سنفیشدا ئەو وەستایانەیان دیاریکردوون کە مافی کاری پیشەیی و کردنەوەی دوکانیان هەبووە، ئەویش لەپێناو ڕێگری کردن لە کەسانی ناشارەزا لە ئەنجامدانی کاری پیشەگەری (ریمون، ۱۹۷٤: ۱٥).

**کتخدای گەورە_ شێخی سنفەکان (شیخ المشایخ):**

پۆستێکی گەورەی ڕێکخستنەکانی پیشەگەری بریتی بوو لە (شێخی سنفەکان) یان (شیخ المشایخ), لە ئەنادۆڵ پێی دەوترا (کتخدای گەورە)، ئەویش پایەدارێک بوو سەرۆکایەتی هەموو سنفەکانی پیشەگەری دەکرد، واتا دەستەیەک هەبوو کەوا شێخی هەموو سنفەکان تێیدا ئەندام بوون و شێخی سنفەکان سەرۆکایەتی کردوون، کە خاڵی پەیوەندی بوو لەنیوان والی و قازی لەلایەک و ڕێکخستنە پیشەییەکان لەلایەکی ترەوە، و هەڵبژاردنی شێخی هەموو سنفێکی پیشەگەری بە ئامادەبوونی ئەو دەکرا (کوثراني، ١٩٨٨: ٦٢٥)، بەتایبەتیش ئەو پۆستە بۆ پیاو ماقوڵێکی شارەکە دەبوو، کە ڕاوێژی لەگەڵ شێخەکانی سنفەکان دەکرد لەبارەی کاری هاوبەشی سنفەکانی پیشەگەری (الجمیل، ١٩٩٧: ٨٦).

لە هەندێ ناوچەی دەوڵەتی عوسمانیش هاوشێوەی ئەو پۆستە هەبووە بەتایبەتی لە جەزائیر، ئەویش بەناوی (أمین الأمناء)، و لە هەندێ شاریشدا هەر نەبووە و هەندێکیشیان تا درەنگ نەیان بووە (غطاس، ٢٠٠١: ١٨١–١٨٣).

شێخی سنفەکان_کتخدای گەورە، ئەگەرچی زۆربەی جار بە هەڵبژاردن و دانانی کەسێکی دیاریکراوی شارەکە بووە، بەڵام ئەو پۆستە زیاتر ئاینی بووە لەوەی پیشەیی بێت، لە ناوچە عەرەبییەکان مەرج بوو خاوەنی ئەو پۆستە لە ڕەچەڵەکی هاشمی بێت (نعیسة، ١٩٨٦: ٢٩٠)، لە شام لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم بە میرات بۆ بنەماڵەی نەقیبی ئەشرافەکان قۆرخ کرابوو (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٣)، تەنانەت زۆرجار لەنێو یەک بنەماڵەدا ململانێ هەبووە لەسەر ئەو پۆستە، ئەوەتا لە نێو بنەماڵەی بەنی عجلان[١٠] عەتا ئەفەندی لە ساڵی ١٨٨٣ز پۆستەکەی وەرگرتبوو کە لە براکەی ئەحمەد ئەفەندی بەتەمەن بچووکتر بوو، بەڵام ئەحمەد ئەفەندی بەمافی خۆی زانیوە، بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئەستانبۆل

و توانیویەتی فەرمانی سوڵتانی بەدەست بێنێ لەبەرژەوەندی خۆی، بەو پێیەی لەبراکەی گەورەتر بووە (حنا، ١٩٨٥: ٣٩).

**نەقیب:**

شێخی مەشایخ سکرتێری تایبەتی هەبوو پێی دەوترا (نەقیب)، هاوشێوەی یگیت باشی یاریدەدەری شێخی سنف بوو، جیاوازی نێوانیان شێوازی دانانیان بوو، کە نەقیب لەلایەن شێخی مەشایخ دادەنرا، بەڵام یگیت باشی لەلایەن پیشەگەرانەوە هەڵدەبژێردرا، لەبەر پێگە ئاینییەکەی شێخی مەشایخ نەیدەتوانی لە کۆبوونەوە گشتییەکان ئامادەبێت کە لەنێو خاوەن پیشە و سنفەکان دەبەسترا لەبارەی کاروباریان یان لە ئاهەنگەکانی بەرزکردنەوەی پلەی پیشەگەران، بۆیە نەقیب نوێنەرایەتی ئەوی دەکرد، لە پێش سەردەمی تەنزیمات(١١) کاتێ شێخی مەشایخ دەسەڵاتی فراوانتر بوو زیاتر لە نەقیبێکی هەبوو، بەڵام لەسەردەمی تەنزیمات بایەخی هەردووکیان کەمی کرد بە هۆی یاساکانی دەوڵەت، خاوەنی پۆستی نەقیب مەرجی ڕەچەڵەک و میراتی نەبوو، بەڵکو شێخی مەشایخ مافی دانان و لادانی هەبوو (حنا، ١٩٨٥: ٤١و٤٣).

**شێخی حەفت سنفەکان:**

ئاماژەیەک هەیە بۆ هەبوونی پایەی (شێخی حەفت سنفەکان)، ئەویش لە موسڵ سەرۆکایەتی حەفت سنفی پیشەگەری کردووە، بەڕای توێژەرێکیش دیاریکردنی ژمارەی سنفەکان بە حەفت سنف ئامانج لێی یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی هەموو ئەو کۆمەڵە سنفانەیە کە پیشەکانیان لێک نزیکن لە یەک سنفدا و لەژێر سەرکردایەتی یەک سەرۆکدا، ئەویش بە پاڵنەری دارایی و کارگێڕی وەک ئاسانکارییەک بۆ سەرپەرشتی کردنیان (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩٠)، بەتایبەتی لەوەرگرتنی باجدا، و تۆمارێکی تایبەتی هەبووە بۆ خەرجی و هۆکارەکانی، هەروەها سەرپەرشتی کاروباری دارایی سنفەکانی کردووە (الحمداني، ١٩٨٩: ١٧٦). بە دووریش

نـابینرێ ئەوە پەیوەنـدی بەو دیـاردەوە هەبێـت کە هەنـدێ لەو سـنفانەی کاڵای هاوشێوەیان بەرهەم دەهێنا لەسەدەی شازدەم لێک جیا دەبوونەوە بە پێی تایبەتمەندییان هەریەکە و سنفی سەربەخۆی هەبوو، بەشێوەیەک سنفە کۆنەکـان سـنفی نوێیـان لـێ جیـادەبووەوە (اینالجیک، ٢٠٠٢: ٢٤٥)، بەڵام لە سـەدەی نـۆزدەم بەهـۆی لاوازبوونیـان ئەوسـنفانە جـارێکی تـر چـوونەوە پـاڵ یەکتـر و لەژێـر سـەرکردایەتی یەک ڕێکخسـتن و کتخـدا و شێخ دا (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٦٧٥).

شیاوی باسە کۆشکی سەڵتەنەتیش پلەداری خاوەن پیشەی تێدابووە، چونکە لەبەر پێویستی کۆشک بە خزمەتگوزاریـان، زۆرێک لە پیشـەگەری تێـــدابووە، هەرچەنـــدە نـــازانرێ تاچەنـــد پەیوەنـــدییان بەڕێکخســـتنە پیشـەییەکانی دەرەوەی کۆشـک هەبـووە، بەڵام ئەوانـیش لە نێوخۆیانـدا جۆرێـک لە ڕێکخسـتنیان هەبـووە یـان هەر هـیچ نەبێـت هەر جـۆرە گرووپێکـی پیشـە سـەرۆکێکیان هەبـووە سەرپەرشـتی و نـوێنەرایەتی کـردوون، بـۆ نموونـە سەرتاشـەکانی کۆشـک سـەرۆکێکیان هەبـوو کـە سەرپەرشـتی سەرتاشـەکانی ژووری شـەڕی دەکـرد پێـی دەوتـرا بەربەر باشی (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٧٤)، هەروەها بەرگدوورەکانیش کە جل و بەرگی فەرمانبەرانی کۆشکیان دەدووری، کەسێک سەرۆکایەتی دەکردن پێـی دەوتـرا تەرزی باشـی، جگە لـە چەنـدین پیشـەگەری تـریش (جیـب و بوین، ١٩٩٧: ٣٨٤).

**پلەکانی کارامەیی و خاوەنداری لە پیشەدا:**

هەموو پیشـەگەرێک بەپێی جۆر و تایبەتمەندی پیشـەکەی ئەندام بـوو لە سنفەکانی ڕێکخستنی پیشەگەریدا لە ناوچەکەی خۆی، جگە لە ئافرەت و پیشەگەری گەڕۆک و کۆیلە کە لەنێو ڕێکخستنەکاندا نەبوون (فاروقي و اخــرون، ٢٠٠٧، ٢٧٨–٢٨٠)، ڕێکخســتنی ئەنــدامەکانی نــاو ســنفیش بە شـێوەیەکی دینـامیکی بـوو، پلەکـانی پیشـەگەران جێگیـر نـەبوون، بـەڵکو پلەبەنـدی بـوو لە خـوارەوە بـۆ سـەرەوە، بەپێـی کـارامەیی و شـارەزایی

پلەکان بەرز دەکرانەوە و دەرفەتی کاریان پێدەدرا، بەجۆرێک شاگرد یان منداڵی دەستپێک نزمترین پلە و سەرەتای پیشە بوو، وەستاش دوا قۆناغی پیشە و لێزانی و خاوەنداری بوو.

**شاگرد _ چراک:**

پلە پیشەییەکان لە خوارووی هەرەمەوە دەستی پێ دەکرد لەسەرەتای پەیوەندی کردنی خوازیارێک بە وەستایەکەوە، ئەویش بە (چراک_ شاگرد) یان (منداڵ_ دەستپێکەر) دەناسرا، کە بەزۆری منداڵێک دەبوو پەیوەندی بە پیشەگەرییەوە دەکرد و هیچی لێ نەدەزانی و بەزۆریش تەمەنیان بچووک دەبوو (هرشلاغ، ١٩٧٣: ٣٠)، ئەگەرچی خەڵکێک لە تەمەنی گەورەترەوە چونەتە نێو کاری پیشەییەوە. ناردنی منداڵیش بۆ فێربوونی پیشە سیمایەکی دیاری زۆرینەی منداڵانی چینی گشتی بووە، ئەویش لەسەر بنەمای دابینکردنی دوارۆژیان، بۆیە باوک کاتێ کوڕەکەی دەخستە بەردەست وەستایەک هەمیشە ئەوە باوبوو کە دەیگوت (لێیدە، گۆشتەکەی بۆتۆ و ئێسکەکەی بۆ من) (عامر، ١٩٩٤: ٢٧)، ئەمەش لە ئەدەبیاتیان ڕەنگی دابووەوە و چەندین پەند هەبوون لەوکاتدا کە هانی فێربوونی پیشەی دەدا وەک (کاری بەدەستی لەهەژاری دەتپارێزی) و (خاوەن پیشە خاوەن قەڵایە) و (کار بکە بە فلسێک باشترە لە بێکاری) (حنا، ١٩٨٥: ٤٨–٤٩).

مەرجی وردی تایبەت بە منداڵ نەبوو بۆ چوونە نێو مەیدانی پیشەگەری، جگە لە دروستی جەستە و تەندروستی تەواو، چونکە هەندێ پیشەی وەک دارتاشی و ئاسنگەری و بۆیەچی بۆ کەسانی نەخۆش نەدەگونجان، هەروەها ئەو کەسەی دەچووە ناو پیشەیەک باشتر بوو پەیوەندییەکی بە پیشەکە هەبووبێت، بۆ نموونە کوڕی پیشەگەرێک یان کەسێک بێت پێویستی زۆری بە بژێوی هەبووبێت، کە ئەمەشیان وەستاکەی دەیتوانی دەستی پێوەبگرێت و بەردەوام بێت، یان کەسێک پێشتر لە پیشەیەکدا کاری کردبێت و وازی هێنابووبێت، ئەمەش بۆ

وەستاكان سوودیان زیاتر بوو بەهۆی ئەزموونی پێشتریان، زۆربەی جاریش باوک پەیوەندی بە وەستاکەوە دەکرد بۆ وەرگرتنی منداڵەکەی و فێرکردنی (حمیدي و حموش، ٢٠١٥: ٣٥).

ماوەی مانەوە لە پلەی شاگردی و فێربوونی پیشە بەگوێرەی شوێن دەگۆڕا و بەلانی کەم دوو ساڵ بووە بەرەو سەرەوە، شاگرد لەو ماوەیەدا فێری بنەما و پیشە و ڕەوشت دەبوو لای وەستاکەی، بێ ئەوەی مافی گۆڕینی هەبێت مەگەر لە حاڵەتی تایبەت، کاتێ فێری بنچینەکانی پیشە دەبوو ڕێگەی پێ دەدرا هەندی کاری سادە بکات بە چاودێری وەستاکەی. زۆربەی جار کارەکانی بریتی بوو لە خزمەتی کەسی و خیزانی وەستا و خەلفە، ناچاریش بوو گوێڕایەڵ بێت، بۆیە لەناخیدا جۆرێک لە هەستی دوژمنایەتی چینایەتی شاراوە دژی وەستا و خەلفە پەنگی دەخوارد، ئەگەر دۆخەکەش گەیشتبا ئەو ڕادەیە دەچووە پاڵ خەلفە دژی وەستاکەی (حنا، ١٩٨٥: ٤٦).

شاگرد ماوەی چەند ساڵێک لە وەرشەکەی کاری دەکرد، لەسەرەتادا بێ بەرامبەر بەڵام دوای ماوەیەک لە هەندێ شوێن کرێیەکی کەمیان وەردەگرت، هەروەها وەستاکەی خەرجی خواردن و خواردنەوە و پێداویستیەکانی تری کە لە شوێنی پیشەکەی پێویستی بوو دەگرتە ئەستۆ (غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٦).

## خاوەن کرێ_کرێگرتە (اجیر):

کاتێک شاگرد توانای پیشەیی بەرز دەبووەوە و بەشدار دەبوو لە بەرهەمهێناندا، دەبوو بە خاوەن کرێ (اجیر) و کرێیەکی دیاریکراوی لە وەستاکەی وەردەگرت وەک لەناوەکەی دیارە، ئەو جۆرە پیشەگەرە بەهۆی پێگەیشتنی دەیتوانی کاروباری خۆی ڕایی بکات و لای وەستاکەوە بچێتە لای یەکێکی تر (أبو سلیم، ٢٠٠٠: ٨٢).

دوو جۆری خاوەن کرێ (اجیر) هەبوو، یەکیان پابەند بوو کە وەک خزمەتکار لای وەستاکەی کاری دەکرد و لێیانەوە فێر دەبوو و تەمبێش دەکرا، ماندووبوونی زۆری دەبینی لەپێناو فێربوونی پیشە. جۆری دووەمیان (اجیر)ی ڕەها بوو، کە ئەویش هەندێکیان لەبەردەستی وەستا و خەلفە بوون و پێداویستییەکانیان دەخستنە بەردەست و کرێیەکی دیاریکراویان هەبوو، هەندێکی تریان دەبوونە کرێگرتەی هەرکەسێک بیویستایە یان هێزی کاری خۆی ڕۆژانە دەفرۆشت لەهەر پیشەیەک کە پێویستی ئەوتۆی بە کارامەیی نەبووایە (حنا، ١٩٨٥: ٤٧).

**خەلفە (قلفە _ صناع):**

لە دوای فێربوونی زیاتری پیشەکەی و پەیداکردنی کارامەیی فێرخواز لە (اجیر)ەوە دەچووە پلەیەکی تری کارامەیی و دەبووە (خەلفە)، ئەویش دوای سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەیەک کە لەبەردەم دەستەی پیرەکانی سنفەکە ئەنجام دەدرا (مجموعة مؤلفین، ١٩٩٩: ٧٢٦). خەلفە بەرزترین ڕێژەی کارگەرانی وەرشەکانیان پێکدەهێنا و ژمارەیان لە وەستا و شاگردەکان زیاتر بووە (نعیسة، ١٩٨٦: ٧٢٦ ؛ غطاس، ٢٠٠١: ٢٠٥)، ئەو پیشەگەرە لێهاتووییەکەی نەدەگەیشتە ئاستی وەستاکەی و وەک پیشەگەری دروستکەر کاری کردووە لەگەڵ وەستاکەی بەپێی ڕێککەوتنێک کە ماوەی کار و کرێیەکەی دیاری دەکرد (رافق، ١٩٨٦: ٦٦٧).

**وەستا (أوسطة_المعلم):**

خەلفە دوای فێربوونی پیشەکەی بەتەواوی و هەبوونی خەسڵەتە باشەکانی ڕەوشت و پەیوەندی هاوڕێیانە و بەها جوانەکان لەگەڵ توانای سەربەخۆ کارکردن و هەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ کارکردن بە سەربەخۆ و دەستکەوتنی دوکان و شوێنی بەتاڵ بۆ پیشە، وەستاکەی شێخی سنفی ئاگادار دەکردەوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی بۆ وەستا, کە

دوا ئاستی لێهاتوویی بوو لە پیشەدا و لوتکەی هەرەمەکە بوو، هەربۆیە سەربەخۆ دەبوو لە کارەکەیدا و خاوەنی دوکانی تایبەتی خۆی دەبوو و ئەوانی تر لای ئەو کاریان دەکرد وەک هاوکار و بەردەست (هرشلاغ، ١٩٧٣: ٣٠ ؛ Kia, 2011: 85)، بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراوی خەلفەکان دەگەیشتنە پلەی وەستا، ژمارە زۆرەکەیان هەر لە ئاستی خەلفە دەمانەوە، جا چ لەبەر کەم لێهاتویی بێت یان لەبەر نەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ کردنەوەی دوکانی تایبەت و بەڕێوەبردنی پیشەکەی بەسەربەخۆیی (حنا، ١٩٨٥: ٥٢)، یان ڕەنگە پەیوەندیشی بە دروستکردنی کۆسپەوە هەبێت لەلایەن وەستاکەیەوە لەبەر ململانێ، هەربۆیەش لەشارە گەورەکان هەندێک لەوانەی نەدەگەیشتنە پلەی وەستایی لە دەوروبەری شاردا دوکانیان دەکردەوە (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٢٦٨).

وەستا کەسێک بوو کە دەگەیشتە لوتکەی کارامەیی و لێهاتوویی لە پیشەکەیدا، سێ جۆریشی هەبوو لە پیشەگەریدا، یەکیان ئەو وەستایەی بەدەستی خۆی کاری دەکرد و ژمارەیەک خەلفە و شاگردی هەبوو، بەزۆریش ئەو وەستا تازانەبوون کە سەرمایەی گەورەیان نەبوو، جۆری دووەمیان ئەو وەستایە بوو کە کاری دەستی جێ دەهێشت و دوای کۆکردنەوەی سەرمایەی زۆر سەرپەرشتی بەرهەمی ژمارەیەک خەلفە (صانع)ی دەکرد کە بۆ ئەو کاریان دەکرد، ئەمەیان نیمچە بازرگانێک بووە، سێیەم جۆری وەستا ئەو وەستایە بوو کە بەتەواوی پیشەکەی جێ دەهێشت و دەبووە بازرگان و بەرهەمی خاوەن پیشەکانی قۆرخ دەکرد و لێیانی دەکڕیەوە و دەیفرۆشتەوە (حنا، ١٩٨٥: ٥٣–٥٤).

## ئاهەنگەکانی بەرزکردنەوەی پلەی پیشەیی:

بەرزکردنەوەی پلەکانی کارامەیی بەتایبەتی لە شاگردەوە بۆ خەلفە، لەویشەوە بۆ وەستا بە سازدانی ئاهەنگی تایبەت دەبوو بە سەرپەرشتی شێخی سنف و ئامادەبوونی پلەدارەکانی ناو سنف و پیشەگەرە دیار و وەستا و ئەندامانی پیشە، شاگردێک بۆ ئەوەی بەرزبێتەوە بۆ ئاستی

خەلفە پێویست بوو تاقیکردنەوەیەک ئەنجام بدات لەبەردەم دەستەی کارگێڕی سنف، گەر سەرکەوتوو بووایە دەبووە خەلفە دوای سازدانی ئاهەنگی تایبەت، بۆ یەکەمین جار بەرگی تایبەت بە پیشە و سنفەکەی دەپۆشی و دواتر لەلایەن شێخی سنفەوە هەندێ ئامۆژگاری دەکرا. لە ئاهەنگی پلە بەرزکردنەوە بۆ وەستا ڕەچاوی ئەوەیان دەکرد کە لەوەرزی بەهاردا بێت لەو ڕۆژەی خاوەن پیشەکان ساڵانە ئاهەنگیان تێدا دەگێڕا، لەو ئاهەنگەشدا شێخی سنف و قازی ئامادە دەبوون، دوای ئامۆژگاری شێخی سنف ڕەزامەندی دەردەبڕی لەسەر بوون بە وەستا و دانانی بەرگی خەلفە و پۆشینی بەرگی وەستا، پاشان ئامادەبووان پیرۆزباییان لێ دەکرد (جيب و بوين، ١٩٩٧: ٣١٧ ؛ مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٦).

ئاهەنگی پلە بەرزکردنەوە تا ڕادەیەکی زۆر مۆرکی ئاینی پێوە دیاربووە و نزا و سرووودی ئاینی تێدا دەخوێندرایەوە و جۆرێک بوو لە پەیمان و بەڵێندان لەبەرامبەر خودا و ئامادەبووان لە پابەندبوون بە فێڵ نەکردن و دانانی نرخەکان بە دادپەروەری و هاوکاری یەکتری و دوورکەوتنەوە لە ڕەفتاری نەشیاو (كوثراني،١٩٨٨ : ٦٢٦).

**پۆشاکی ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان:**

بەپێی فەرمانی سوڵتانی ئەندامانی هەر سنفێکی پیشە جل و بەرگی شیاویان دەپۆشی کە لە کۆمەڵگەدا دەربڕی دۆخەکەیان بێت، بۆ خاوەن پیشە و دوکاندارەکان قەدەغە بوو جلوبەرگی گرانبەهای تایبەت بە چینی باڵا بپۆشن (اينالجيك، ٢٠٠٢: ٢٣٣)، ئەندامانی هەرسنفێک جلوبەرگی جیاوازیان دەپۆشی لەویتر، ئەو بەرگەی دەباغێک دەیپۆشی جیاوازبوو لەگەڵ سەفارێک، بگرە لەناو یەک سنفیشدا جیاوازی لە جلوبەرگدا هەبووە، بەرگی شێخی سنف جیابوو لەگەڵ وەستا و شاگرد، هەروەها وەستاش لەگەڵ شاگرد جیابوو، ئەوەش بۆ لێکجیاکردنەوەی ئەندامانی سنف بوو (حميدي و حموش، ٢٠١٥: ٣٦).

**چاودێری ئابووری سنفە پیشەییەکان:**

دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی ژیانی پیشەیی لە بازاڕدا ڕەنگدەداتەوە و کۆدەبێتەوە، وێڕای هەندێ لەو پیشانەی کەلە دەرەوەی بازاڕدان، زۆربەی ئەو پیشەگەرانە گەر خۆشیان لە بازاڕدا نەبووبن ئەوا بەرهەمەکانیان لە بازاڕدابوون، واتا پیشە و بازاڕ تەواوکەری یەکترن.

لەبەرئەوەی خاوەن پیشەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبوو، لە دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری و پەیوەندییان بە بازرگانە گەورە و بچووکەکانەوە هەبوو و کاریگەری فراوانیان هەبوو لەسەر بازاڕی ناوخۆیی، بۆیە دەوڵەت لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی (ئیحتیساب) بازاڕی خستبووە ژێر چاودێری هەمیشەیی، ئەویش بەسەرپەرشتی کەسێک پێی دەوترا (محتسب) یان (احتساب أغاسی) و یاریدەدەرەکانی کە پێیان دەوترا پیاوانی پشکنین (قول ئۆغلانلری)، موحتەسیبیش لەلایەن سوڵتان یان حکومەتەوە دادەنراو دیاری دەکرا (صباغ، ١٩٩٩: ٢٢٩)، ئەویش چەند ئەرکێکی لەسەر بوو، لەوانە کۆکردنەوەی باج و رسوماتی وەک ڕۆژانەی بازاڕ (یومیە دکاکین) و تەمغا (دمغە) و باجی بازاڕ بە ڕێژەی دیاریکراو لە خاوەن پیشەکان و ئەهلی سنفەکان (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩١ ؛ مجموعة مؤلفین، ١٩٩٩: ٦٧٦)، هەروەها سەرپەرشتی بازاڕی دەکرد و کاری دەکرد بۆ دابینکرنی خۆراک لە بازاڕ بۆ هاوڵاتییان، و هەموو مانگ جارێک سەرپەرشتی دوکان و پیشەگەرانی دەکرد و چاودێری ڕاستی و دروستی پێوانە و کیلۆ و تەرازوەکان و دانانی نرخ بەڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەت و پیشەگەرانی دەکرد (هرشلاغ، ١٩٧٣: ٢٢٩ ؛ صباغ، ١٩٩٩: ٢٢٩).

سەبارەت بەدانانی نرخەکان ئەوا بە ئامادەبوونی پیشەگەرە بە ئەزموونەکان و قازی دەبوو، کە تێچوو و هێزی کاریان دەخەملاند، پاشان ڕێژەیەکی قازانجیان بۆ بەرهەمەکە دادەنا کە لەنێوان (١٠% ــ٢٠%)دەبوو، لە ئەستەنبۆلیش هەندێ جار سوڵتان بەخۆی چاودێری

لیستی نرخەکانی بازاڕی دەکرد، جگە لەوەش محتسب هەڵدەستا بەمۆرکردنی کاڵایەکانی بازاڕ، و فرۆشتنی هەر کاڵایەکی مۆر نەکراو قەدەغە بوو (الجمیل، ۱۹۹۷: ۸۸ ؛ اینالجیک، ۲۰۰۲: ۲۳۸).

چاودێری بازاڕ لەلایەن محتسب ڕۆژانە بوو کە چەکداری تایبەت هاوڕێیەتییان دەکرد، محتسب دەسەڵاتێکی باڵای هەبوو لەو بوارەدا لەکاتی هەر سەرپێچیەک بۆی هەبوو دوکاندار و پیشەگەرەکە دەست بەجێ سزا بدات، زۆر جاریش لە پێش دوکانەکان لە سەرپێچیکەر دەدرا، ئەگەر دووبارەشیان بکردبایەوە ئەوا لە پیشەکەیان دەردەکران و بەند دەکران (جیب و بوین، ۱۹۹۷: ۳۲۱ ؛ Faroqhi, 2009: 220)، لە ئاستانبۆلیش لە کاتی سەرپێچی بچووک تەنها ئاگادار دەکرایەوە، بەڵام گەر سەرپێچیەکە ترسناک بووایە بۆ موسڵمانان سزای زیندانی هەبوو، بۆ ناموسڵمانیش کارپێکردنیان بوو لە کەشتییەکانی بەندەرەکاندا (فاروقي وآخرون، ۲۰۰۷: ٤١٩–٤٢٠)، بەڵام محتسب مافی ئەوەی نەبوو بچێتە نێو ماڵان و سزای ئەو سەپێچیکەرانە بدات کە تایبەتمەندی خێزانیان هەبوو (Kia, 2011: 89). لەمەشەوە دەردەکەوێ کە بەشێک لە پیشەگەران و بەرهەمەکانیان نەکەوتوونەتە ژێر چاودێری و لە باج دان بەدەربوونە، ئەگەری سەرپێچی لە ڕینماییەکان هەمیشە لە ئارادابووە بەو پێیەی زۆرێک لەو پیشانە لە دەرەوەی بازاڕەکان بوون، هەرچەندە تاڕادەیەکی باش پابەندی دەستوری نەریت و بەها ڕەوشتییەکان دەبوون.

لە ساڵی ۱۸۳۸ز لەژێر فشاری نێوخۆیی و دەرەکی دەوڵەت بەشێک لە رسوماتەکانی سەر پیشەگەرانی نەهێشت کە موحتەسیب وەری دەگرت، لەساڵی ١٨٥٤ز یش سیستەمی ئیحتیساب بەتەواوی هەڵوەشایەوە و دواتریش ئەو باج و رسوماتانەش هەڵوەشانەوە کە ئەو دەزگایە وەری دەگرتن بەتایبەتی باجەکانی سەر پیشەگەران (مجموعة مؤلفين، ۱۹۹۹: ٦٧٦).

**سیستمی (گیدیک):**

گیدیک ڕێوشوێنێکی دیکەی دەوڵەت بوو پەیوەست بە پیشەگەران و بۆ کۆنترۆلکردنی بازاڕ، ئەویش بریتی بوو لەو شوێنەی کە کەسانێک کاری دیاریکراویان تێدا ئەنجام دەدا لەنێو کۆمەڵێکی دیاریکراودا کە ژمارەیان زیاد و کەم نەدەکرا، خاوەنداریێتییەکەی بۆ خاوەن پیشەکە نەبوو, بەڵکو بەکرێگرتنی سالانەبوو (جیب و بوین، ۱۹۹۷: ۳۱٦)، هەرکاتێکیش شوێن و کارەکە بەتاڵ بووایە دەوڵەت کەسێکی دیکەی تێدا دادەنا، دیارترین ئەو گیدیکانەش خاوەن پیشەکان بوون، ئەمەش جۆرێک لە ئیمتیاز و کۆنترۆل بوو لە یەک کاتدا، هەموو جۆرە پیشەیەک ژمارەیەک شوێنی کار و دوکانی دیاریکراوی هەبوو. کاتێ یەکێک گیدیکی بەدەست دەهێنا لەبەرامبەردا بڕێک پارەی دەدا، واتە دەوڵەت ژمارەی دوکان و وەستاکانی سنوردار کردبوو بۆ هەر جۆرێکی پیشە بە پێی پێویستی شار و ئاواییەکە، و هیچ لایەک ڕێگەپێدراو نەبوو ژمارەکان زیاد بکات نە حکومەت و نە ڕێکخستنە پیشەگەرییەکانیش، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیێنێ کە ئەو سیستمە پێشێل نەکرابێ، بەڵکۆ لە هەندێ کاتی پێویستدا ژمارەی دوکان و وەرشەکان لە سەرووی ڕێنمایی سیستمەکە بووە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار وەرشە زیاد لە پێویستەکان داخراون، ئەمەش لە پێناو ڕاگرتنی بالانسی نێوان خواست و بەرهەمهێنان (مجموعة مؤلفین،۱۹۹۹: ۷۲٦–۷۲۷).

بەشێوەیەکی گشتی هەر کەسێک خاوەنی گیدیک نەبووبێ مافی کردنەوەی دوکان و کاری پیشەیی نەبووە، بۆیە ئەو سیستمە لە هەندێ ناوچە زۆر پێشوازی لێکراو نەبوو بەتایبەتی قاهیرە (Faroqhi, 2009: 140)، هەروەها گیدیک کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە، ئەو گیدیکەی خاوەنەکەشی دەمرد کرداری گواستنەوە و فرۆشتنی دەکەوتە دەست کەسانی دیاریکراوی وەک کوڕەکەی گەر هەیبوایە، گەر هیچ کوڕیشی نەبوایە خەلفەکەی مافی کڕینەوەی هەبوو (جیب و بوین، ۱۹۹۷: ۳۱٦ ؛

مجموعـــــة مـــــؤلفين،١٩٩٩: ٧٢٧)، ئەو كـــــرداری گواســـــتنەوەیەش بە سەرپەرشتی كتخدای سنف ئەنجام دەدرا (نصار، ١٤٢٧هـ: ٤٠)، لەمەشدا دەردەكەوێت كە ئەو گیدیكە جۆرێک لە خاوەنداریێتی تێدابووە هەربۆیە میـراتەكەی بـۆ كەس و كـارەكەی بەجـێ دەمـا، لە كـاتی بـوونی كـوڕ خاوەنـداریێتی بـۆ میراتگرانـی دەمـایەوە، بەڵام بـۆ ئـافرەت تەنهـا میراتـی فرۆشتنەكەی بۆ دەگەڕایەوە.

دوو جۆر گیدیک هەبوو، یەكیان جێگیر (مستقر گیدیک) كە دوكـان و وەرشـــەكانی دەگـرتەوە و شـــوێن گـــۆڕینەكەی پێویســـتی بە گـرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت هەبوو، ئەویتریان گیدیكی هەوایی یـان جوڵاو بـوو، كە ئەمەیان پەیوەست نەبوو بە دوكانەوە بەڵكو پەیوەست بوو بە كەسێكەوە، ئەویش ڕێ پێدراو بوو بە ئەنجامدانی پیشـەكەی لەهەر شـوێنێک بوایە، و گەر پێداویسـتی پیشـەیەكی دیـاریكراو زیـاد بـووایە ژمـارەی گیـدیكەكانی زیاد دەكرا، ئەگەریش پێداویستی كەم بووایە ئەو گیدیكانە دەگێڕدرانەوە بۆ خەزێنەی تـایبەت، یـان دەگوازرایەوە بـۆ جـۆرێكی تـری پیشـە (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٦ ؛ مجموعة مؤلفين،١٩٩٩: ٧٢٧_٧٢٨).

وێـڕای تونـدوتۆڵی ڕێسـاكان كە خـاوەن پیشــەكان پابەنـدی بـوون، لەكۆتاییەكانی سـەدەی هەژدەم بیانییەكـانیش چـوونە نێـو بـواری پیشـەیی، لەسەرەتاشدا تـا ڕادەیەک بە گیـانێكی لێبوردەییەوە وەرگیـرا، بەڵام كاتێـک ژمارەیـان زیـادی كـرد نـاكۆكی ســەری هەڵـدا لە نێـوان خـاوەن پیشــە عوســمانییەكان و بیانییەكــان، بەمەش دەوڵەت ڕووبەڕووی تەنگژەیەكــی گەورە بووەوە، وێڕای هەوڵەكانی دەوڵەت بۆ بەرگرتن لەو كێشەیە بەر لە سەردەمی چاكسازی، بەڵام دوای ئیمتیازی بیانی و ئـازادی هەمـوو جـۆرە بازرگانییەک، ڕەوشـی ڕێكخستنە پیشەییەكان بەرەو هەڵدێر چوو، لە ساڵی ١٨٦١ز یش سیستمی گیدیک لە پیشەگەری و پیشەسازی هەڵوەشـێنرایەوە و هەموو تاكێک خۆیی یان بیانی مافی ئەنجامدانی هەر پیشـەیەكی هەبـوو (مجموعة مؤلفين،١٩٩٩: ٧٢٨).

**پابەندبوونی دەستوری سنفەکان:**

لەپێناو زامنکردنی گەیشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە دەستی بەکاربەر بە نرخێکی گونجاو و هەرزان، و چاودێری ڕەوشی تەندروستی و پاراستنی ئاستی کواڵێتی پێویست، دەوڵەتی عوسمانی پەنای بردۆتەبەر دانانی یاسا، بۆ ئەمەش (قانوننامـاتی احتسـابی) دانـاوە کە کۆنترینیـان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سولتان بایەزیدی دووەم (١٤٨١_١٥١٢ز)، دواتریش لە ئەنجامی فراوانبوونی سنووری دەوڵەتی عوسمانی و گەشەسەندنی پیشەگەری، بەمەبەستی باشتر ڕێکخستنیان، سوڵتان سولەیمانی قانونی (١٥٢٠_١٥٦٦ز)، هەندێ یاسای تایبەت بە خاوەن پیشەکانی لە یاساکانی ئەوروپا هێنا و سوودی لەوانەیان وەرگرت کە لەگەڵ کۆمەڵگەی عوسمانی و شەریعەتی ئیسلامدا دەگونجان (کوندز و اوزتورک، ٢٠٠٨: ٢٤٠وبعدها).

قانوننامەکانی ئیحتیساب لەبارەی پیشەگەرانەوە تەنها نرخ و پێوانەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو لە بارەی نانەوە ئەندازەی گەنمی بەکارهاتوو و ئاردی لێی بەرهەم هاتوو و ئەندازەی خەزنکراوی پێویستی تێدابوو، هەروەها ڕێوشوێنی پێویستی تێدابوو بۆ گۆشتی پێویست بۆ شار، لەبارەی پۆشاک و پێڵاو لەبەرچاوگرتنی ماوەی خۆگرتنیان لەبەکارهێناندا و لەبارەی پێوان و درێژی و پانی قوماشی تێدابوو. هەروەها بایەخی داوە بە چاودێری و خاوێنی و تەندروستی بەوەی ڕێوشوێنی بۆ چێشت لێنەرەکان و سەرتاش و خاوەن گەرماوەکان داناوە، هەتاکو پاراستنی گیانی مرۆڤەکانی لەبەرچاوگرتووە کاتێ ئاماژە بە توانای هەڵگرتنی ئامێرەکانی گواستنەوە کردووە، تەنانەت مافی ئاژەڵیش بەهەند وەرگیراوە بەوەی لە توانای خۆیان زیاتر بارنەکرێن (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٦٧٥).

هەرچەندە بەڕای توێژەرێک هەر جۆرێک لە سنفەکانی پیشە یاسای تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەسەری ڕۆیشتوون کە بە دەستوور ناسراوە،

ئەویش پەیوەست بووە بە کاروباری دارایی، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە دیاریکردنی کرێی پیشەگەران و دیاریکردنی بڕی بەرهەمهێنان و باجەکانی سەر پیشەگەران، لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانی ژمارەیەکی زۆر دەستووری کار دەبینرێن، بۆ نموونە هەریەک لە قەسابەکان و دەباغەکان و عەتارەکان و دەلالەکان و بۆیەچییەکان... هتد، دەستووری خۆیان هەبووە (رؤوف، ٢٠١٤: alukah.net)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکرێت ئەو دەستوورانە گشتگیر نین، بەڵکو تەنها پەیوەستن بە لایەنی دارایی و ئەو ئەرکە داراییانەی لەسەریانە لەبەرامبەر حکومەت و هەندێ وردەکاری تر، بۆیە ئەو دەستوورە هەر قانوننامەکانی ئیحتیسابە کە دەوڵەت دایناون، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕێکخستنە پیشەییەکان دەستوورێکی گشتگیری نوسراوی تایبەتیان نەبووە کە خۆیان دایاننابن، بەڵکو ئەوەی زیاتر پابەندی کردوون دەستووری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و نەریتی و مرۆڤدۆستی و ویژدانی بووە لای ئەندامانی سنفە پیشەییەکان، کە ئەمەش زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە هەڵس و کەوتیان، هەرچەندە هەندێ جار ئەو دەستوورە بەزێنراوە لای هەندێ پیشەگەر و هەندێ گرووپی پیشەیی کە لە بنەڕەتدا پیشەی خراپ و ناپەسەند بوون.

هەندێ لە سنفەکانی پیشەگەری ڕێسا و نەریتی خۆیان هەبووە و پابەندی یاساکانی دەوڵەت نەدەبوون، بۆ نموونە لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونی سنفی پێڵاودرووەکان کە ژمارەی ئەندامانیان زۆربوون سەرۆکەکەیان بەفەرمانی سوڵتانی دادەنرا و بەخشرابوون لە ملدان بۆ هیچ دەسەڵاتێکی تری یاسایی جگە لە دەسەڵاتی سەرۆکەکەیان، هەربەخۆشیان سزای تاوانبارەکانیان دەدا هەتا سزای مردنیش. ئەمەش بەفەرمانی سوڵتان ڕێگەیان پێ درابوو دوای ئەوەی داوایان لێکردبوو (لویس، ١٩٨٢: ١٦٠). هەروەها سنفی دەباغەکان بەتایبەت لە ئەستانبۆل و ئەدرنە هەر تاوانبار و بکوژێک پەنای بردبایە بەر ئەوان یان هەر چەتە و جەردەیەکیان گرتبایە ئامادە نەبوون بیدەنە دەست دادگا و یاسا، بەڵام

ڕێگەشیان نەدەدا ڕا بکات، بەڵکو لای خۆیان کاریان پێ دەکرد تا دەیانخستنەوە سەر ڕێگای ڕاست (لویس، ١٩٨٢: ١٥٩ ؛ جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٤).

**پاپەندبوونی ڕەوشتی ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان:**

چاودێری خۆیی لە نێو هەموو ڕیکخستن و سنفە پیشەییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تاڕادەیەکی زۆر بەوردی کراوە، خاوەن پیشەکان چاودێر بوونە بەسەر خۆیاندا، هەروەک خاوەن پیشەکان چاودێری خاوەن پایەکان و ژمارەی دوکان و بەرهەمهێنانی کالای باش و لەبەرچاوگرتنی نرخ و مافیان لەسەر یەکتر دەکرد، ئەگەر پایەدارێکی سنفەکە لەسەر حسابی لایەک لە لایەکی تر نزیک بایەتەوە، یان ڕەفتارێکی نەشیاوی نواندبایە و سوربایە لەسەری وێڕای ئاگادارکردنەوەشی، ئەوا دەتوانرا داوای لادانی بکرێ لای قازی، قازیش گەر دروستی سکالاکەی بۆ دەرکەوتبایە، ئەوا بەرپرسەکەی لەسەر کارەکە لادەدا (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٨)، ئاستی دەستپاکیش لەنێو پیشەگەرانی عوسمانی بە موسڵمان و نا موسڵمانەوە لەو پەڕی دابووە بە دان پێدانانی چاودێرانی ئەوروپی (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥).

پیشەگەران لەنێوخۆیاندا کەسێک یان زیاتریان لە شارەزاو ناسراوەکان هەلبژاردووە بۆ ڕاوێژ پێکردنیان لە کاتی ڕوودانی هەرکێشە و گرفتێکی ناوخۆیی، هەروەها بۆ پشکنینی جۆرەکانی کەل و پەل و چارەسەری ناکۆکی لەسەر نرخەکان، و دیاری کردنی نرخەکان لە بازاڕدا (الجميل، ١٩٩٧: ٨٧).

لەنێوخۆیاندا پیشەگەران بەڵێنیان دەدا بە یەکتری کە کوالێتی کالا و خزمەتگوزاریەکانیان بپارێزن و دووربکەونەوە لە زیادکردنی نرخی کالا و خزمەتگوزاری لەو نرخەی حکومەت دیاری دەکرد و نەچنە نێو ململانێی نادادپەروەر، بەمەش ڕۆحی هاریکاری و تەبایی زاڵ بووە بەسەر

ململانێی یەکتری و هەریەک بە قازانجێکی کەم ڕازی دەبوو کە لەهەمان کاتدا قازانجێکی بە ویژدانانەبوو (ریمون، ٢٠٠٥: ٣٧٤)، هەریەکیش مافی ئاگادارکرنەوەی ئەوی تری هەبوو لەکاتی پابەند نەبوون بەو مەرجانە و تا ئەو ئەندازەی سکاڵای لێ بکات لای قازی، ئەگەریش پیشەگەرانی هەمان جۆر لەنێویاندا کاڵای کوالێتی بەرزتری بەرهەمهێنابووایە بەهۆی کارامەییەوە، ئەوا مافی پارێزراو دەبوو لە دیاریکردنی نرخدا، و هیچ ئەندامێکی ناو ڕێکخستنە پیشەییەکان بۆی نەبوو سەرپێچی بنەماکانی پیشەگەری بکات وەک لادان لە ڕەوشتی باش و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن و دادگەری، هەروەها ئەو خاوەن پیشانەی هاوبەش بوون لە بەرهەمهێنانی کاڵایەکی دیاریکراو ڕێکەوتنیان لەنێواندا هەبووە بەپێی مەرجی دیاریکراو، هەروەها ئەو ئامێر و کەرەستانەی پیشەگەرێکی دیاریکراو بەکاری دەهێنا لە پشەگەرێکی تر دەستی دەکەوت بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوانیان، بەڵام گەر کوالێتی کەرەستەکە خراپ بووایە زەرەرمەندەکە مافی هەبوو بە ڕێگەپێدانی فەرمی ئەو پیشەگەرانە بگۆڕێت (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٨).

هیچ پیشەگەرێک بۆی نەبوو جیا لە تایبەتمەندی خۆی لە بوارێکی تری پیشەگەریدا کار بکات، بۆ ئەمەش ئەندامانی سنفەکان چاودێر بوون و ڕێگەیان نەدەدا هیچ کەس هەمان پیشەی ئەوان بکات تەنها بە ڕەزامەندی ئەوان نەبێت، ئەویش بەمەرجی پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی سنفەکە، بۆ نموونە لە سنفی بەرگدرووان هەر بەرگدوورێکی نامۆ بەرلەوەی دەست بداتە پیشەکە پێویست بوو کەفیلێکی هەبێت (الجبوري، ٢٠١١: ٢٤٩)، وەک چۆن هەر سنفێک تایبەتمەندی هەبووە لە پیشەیەکی دیاریکراو، ئاوا لە سنفێکەوە چوونە ناو سنفێکی تر (گۆڕینی پیشە) ڕێگە پێنەدراو بوو (أوزتونا، ٢٠١٠: ٢٨٣).

پیشەگەران و بازرگانەکان بۆیان نەبووە بەبێ پرس و ڕازیبوونی سنفەکەی هیچ کاڵایەک دروست بکەن و بفرۆشن، بەتایبەتی ڕێگە نەدەدرا

به گۆڕینی جلوبەرگ و پێڵاو کە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا نەگونجێ (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٦)، ئەمەشیان جۆرە پابەند بوونێکە بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەرچی دەرگا داخستنێکیش بووە لەبەردەم پێشکەوتنی جۆرەکانی کاڵا و پیشەسازی و مانەوەیە لەسەر شێوە کۆنەکەی، هەربۆیەش دواتر کاڵای ناوخۆیی و دەستکرد نەیتوانی بەربەرەکانێی کاڵای بیانی بکات لە زۆر ڕووەوە.

هەموو سنفێک وەزیفە و یاسای دیاری کراوی هەبوو، کەس بۆی نەبوو دەست بخاتە کاری یەکێکی تر، و هەموو دەستە و سنفێکیش ڕێک بوون لەسەر ئەوەی لە هەر هەرێمێک بن بەشداری بکەن بەدانی بڕێک پارە بەگوێرەی توانا بە دەوڵەت و دەسەڵات بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی و بڕێکیش بۆ خەزێنەی دەوڵەت لە پایتەخت (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٢٣٩).

شایەنی باسە ئەرک و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی تایەفە و سنفەکان بە تایبەتی سنفی کارە دەستییەکان بەردەوام زیادی کردووە، بەهۆی وەلائی ئاینی، چونکە ئەو سنفانە تەریقەتی ئاینییان پەیڕەو دەکرد، کاریگەری ئەو تەریقەتانەش ئەوەبوو کە هانی دەدان بۆ سیفەتی دروست و پاک و ڕاستی، بەتایبەتیش لەلای پیشەگەرە موسڵمانەکان (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٢)، نموونەی کاریگەری ئاین لەوەدا بە ڕوونی بەرجەستە دەبێت کاتێ ئەندامانی سنفەکانی پیشەیی دابینکردنی پێداویستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کاروانی حاجییەکان دەگرنە ئەستۆی خۆیان (الجبوري، ٢٠١١: ٢٥٢)، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە پیشەگەران هەمووکات و لە هەموو شوێنێک ڕوویەکی خۆش و مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کڕیاردا هەبووبێت، ئەوەتا گەڕیدەیەک هەڵچوون و مامەڵەی ڕەق و توندی لەهەندێ فرۆشیاری بەغدا تێبینی کردووە لەو کاتەی شتێکیان لێ ناکڕدرێت (دیولافوا، د.ت: ١١٣).

هەندێ لە پیشەکان کە ڕێکخستنیشیان هەبوو پێویستی بە کارامەیی نەبوو، بەڵکو پێویستییان بە پابەندبوونی ڕەوشتی و بەتەنگەوەبوونی

پەیـــداکردنی ڕزقـــی حەڵاڵ بـــوو، وەک پیشـــەی ئاوبەرەکـــان و زبـــڵ فڕێدەرەکان کە ئەگەر بۆمـاوەیەکی کەم لەکار وەسـتابانایە زیـانی گەورە بەر خەڵکـــی دەکەوت وەک ئەو زیـــانە نەبـــوو کە لەکـــاتی لەکـــارکەوتنی عەتارەکان بۆ ماوەیەکی زیاتریش بەریان دەکەوت.

لە زۆر نـــاوچە و لەنـــاو زۆرێـــک لە ڕێکخســـتنە پیشـــەییەکان بەبـــێ هەبوونی دەستوورێکی نوسراو و جێگیر پابەندی هەندێ بەهـای ڕەوشـتی بوونە و بۆ ئەوان بوونەتە یاسا و مەرجی پیشەییان، بۆ نموونە دەبوو لە دروستکردنی دوکانەکانیاندا ڕەچاوی زیان نەگەیاندن و هەراسـاننەکردنی هاوسێکانیان بکەن، چونکە هەندێ پیشـە زیانی بۆ تەندروسـتی دەوروبەر هەبـــووە و زۆر خەڵکیـــان لە دەوردا کۆدەبـــووەوە و دەبـــووە هـــۆی هەراســـانکردنی ماڵەکـــانی دەوروبەر، جـگە لەوەی هەنـــدێ پیشـــە بـــۆنی نـاخۆش و پاشـماوەی پیسـی هەبـوو، بەتـایبەتی پیشـەی دەبـاغی (پێسـتە خۆشکردن)، هەربۆیە لە زۆر شاردا بازاڕی دەباغەکان لە شـوێنی تـایبەت بوون یان لە دەرەوەی شار یان لە نزیک سـەرچاوەی ئاو و ڕووبارەکان بـوون، لەبەر پێویسـتی بەردەوامیـان بە ئـاو بـۆ شوشـتن و پـاککردنەوەی پێسـتەکان، قەسـابەکانیش لەنـاو شـارەکان بـوون، بەڵام کوشـتارگەکان لە دەرەوە و کوشتنەوەی ئاژەڵ لە دوکانەکان قەدەغە بوو، نانەواخانەکـانیش دەبوو نەیەڵن بەهۆی دوکەڵەوە دەوروبەر بێزار بکەن (الخزاعي و عبداللـه، ٢٠١٥: ٤١٣–٤٢٠).

## پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێکخستنە پیشەییەکان:

خاوەن پیشە و پیشـەگەران بەهۆی ڕێکخستنەکانیان توانیویـانە ڕۆڵـی کۆمەڵایەتی گرنگ بگێڕن و جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوانیان دروست بێت، تەنـانەت لەڕووی خێزانیشـەوە، هەروەهـا بەهـۆی پێگەکەیـانەوە، لە بـۆنە و ئـاهەنگە تـایبەت و گشـتییەکان و ڕەسـمی و ناڕەسـمییەکانی سـەرانسـەری وڵات بەشـــداریان هەبـــووە و نمایشـــی تایبەتییـــان ئەنجامـــداوە لەبەردەم سـولْتان و والییەکـان، بەتـایبەتیش ئەو ئاهەنگـانەی بەفەرمـانی سـولْتان

سازدەکران لەهەموو دەوڵەت، لەسەروشییانەوە ئاهەنگەکانی لەدایکبوونی کوڕانی سوڵتانەکان و خەتەنەکردنیان، کە چەند ڕۆژی دەخایاند، لە ئەستانبۆل بە ئامادەبوونی سوڵتان و نوێنەرانی وڵاتان و وەزیر و کاربەدەستان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لەنێویشیاندا سنفە جیاوازەکانی پیشەگەری دەستە دەستە کارامەیی و بەرهەمەکانیان نمایش دەکرد لەبەردەم سوڵتان (مانسیل، ٢٠١٥: ١٣٠)، هەروەها لە ولایەتەکانی تریش بەهەمان شێوە ئەو مەراسیمانە سازدەکران و هەر سنفێکی پیشەگەری لەبەردەم والی نمایشی دەکرد.

تایبەت بەخۆیشیان سنفە پیشەییەکان ساڵانە ڤستیڤاڵی گشتییان هەبوو لە پایتەخت و لەماوەی سێ ڕۆژدا هەموو چالاکییەکی پیشەگەری و بازرگانی لە ئەستانبۆل ڕادەوەستان، بە هەزاران لە ئەندامانی سنفەکان بەشدار دەبوون و سەرۆکەکانیان لەبەردەم ماڵی قازی خۆیان نمایش دەکرد لەگەڵ کاڵا بەرهەمهێنراوەکانیان و ڕێزی خۆیان بۆ قازی دەردەبڕی (لویس، ١٩٨٢: ١٥٥)، هەروەها چەند ساڵێک جارێک لەسەر داهاتی سندوقی سنف کەرنەڤاڵی تایبەت ساز دەکرا کە ماوەی هەفتەیەک یان زیاتری دەخایاند، ئەو چالاکییانەش تەنها بۆ چێژ وەرگرتن نەبوون، بەڵکو دەبوونە سەرچاوەیەکی گرنگی قازانج بۆ ئەندامان، کە وەک پیشانگا و شوێنی بانگەشە بوو بۆ کاڵاکانیان (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٠).

ساڵانە ئەندامانی سەندیکا پیشەییەکان لەئاهەنگی تایبەتدا سەردانی گۆڕی پیرەکەیان دەکرد (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٧)، تەنانەت لە عێراقدا لە یاد و بۆنەکانی شیعەکانیش بەشداربوونە (العطار، ١٩٧٦: ٣٣٩–٣٤١)، هەروەها لە ئاهەنگەکانی تایبەت بە بینینی مانگ لە ڕەمەزان و ئاهەنگەکانی ڕووباری نیل لە میسر، هەر سنفێک وێنەیەک لەبەرهەم و کاری خۆی نمایش دەکرد (هريدي، ٢٠٠٣: ٥٠).

هەندێ سنفی پیشەیی بەهۆی سروشتی پیشەکەیانەوە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و زانیاری و گواستنەوەی، بەجۆرێک ڕۆڵی

ڕاگەیاندنیان بینیووە، بەتایبەتی سنفی کۆڵبەر و ئاوگێڕەکان و گەڕۆکەکان و سەرتاشەکان، ئەویش بەهۆی چوونە ماڵان و تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵک و دوواندنیان و بیستنی زۆرترین هەواڵ و زانیاری (هريدي، ٢٠٠٣: ١٣٦).

دەبێ ئەوەش بزانین کەوا سنفەکانی پیشەگەری، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵیان هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لەهەندێ باردا جیاوازی کۆمەڵایەتیشیان قوڵتر کردۆتەوە، بەوەی چوونە ناو ئەو سەندیکایانە ئاسان نەبووە و کۆمەڵێک مەرج دانرابوون بۆ ئەو مەبەستە، ئەو مەرجانەش بەکردار کۆسپ بوون لەبەردەم کەسێکی تازە کە بیەوێت بە ئەندام قبوڵ بکرێت، بەمەش بەشێکی کۆمەڵگا چانسیان نەبوو بچنە ناو ئەو ڕێکخستنانە یان ئاسان نەبوو پلەیان بەرزبکرێتەوە، ئیتر جیاوازی دروست ببوو لە نێوان پیشەگەرە هەژارەکان و پیشەگەرە گەورە و بازرگانەکان.

**وەفاداری ئەندامانی سنفە پیشەییەکان:**

چینی گشتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا تاڕادەیەکی زۆر پاپەند بوونە بە بنەماکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ئەخلاقی، ئەو بنەمایانە زۆر بە چاکیش ڕەنگیان دابووەوە لە نێو پیشەگەراندا، خەسڵەتە باشەکانی وەک وەفا و ڕاستگۆیی و هاوڕێیەتی و لێبوردەیی، ئەو خەسڵەتانە بوون کە ئەندامانی ڕێکختسنە پیشەییەکان لەسەرەتای پەیوەندی کردنیان بە پیشەگەرییەوە لەلایەن وەستاکانیانەوە فێر دەکران و بەردەوام لە مەراسیم و ئاهەنگە تایبەتییەکانیان دووپات دەکرانەوە، ئەمەش تا ڕادەیەکی باش ڕەنگی دابووەوە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان.

نموونەی وەفاداری لە هەڵوێستی خاوەن پیشەکان گەیشتبووە ئاستێک کە یەکێکیان گەر لە بەیانیدا دوو کڕیار یان خوازیار و داواکاری بۆ چووبایە لە شوێنی کارەکەی یان دوکانەکەی، ئەوا یەکێکیانی بۆ ئەو هاوسێیەی دەنارد کە هێشتا هیچی نەفرۆشتبوو و هیچ کڕیارێک سەردانی

نەکردبوو، ئەمەش وێنەی ئەوپەڕی وەفا و دەستکراوەییە لای پیشەگەران (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣٢٥ ؛ مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٣).

پیشەگەران لە ژیانیاندا هاوبەش بوونە بەوەی دابینکردنی بژێوی هاوڕێکانیشیان بە ئەرکی ئاینی و مرۆیی زانیوە و لەکاتی پێویست یارمەتی یەکتریان داوە، نەک هەر لەکاتی ئەندامێتی لەناو سنفی پیشەکەدا، بگرە لە دوای وازهێنان و مردنیشیان خاوەن پیشەکان ئاوڕیان لە خۆیان و خێزانەکانیان داوەتەوە، ئەوەتا لە سنفەکان سندوقی یارمەتی هاوبەش هەبووە کە هەموو ئەندامان هەفتانە و مانگانە بەشدارییان تێدا کردووە، پێی دەوترا (تعاون صندوقی) کە لەلایەن شێخ و یگیت باشی و ئۆستاکان بەڕێوەدەبرا، داهاتەکەی بۆ مەبەستی ئاینی بەکاردەهات بۆ خوێندنی قورئان، هەندێک جار بۆ یارمەتیدانی ئەندامانی سنف لەکاتی پێویستی و نەخۆش بووندا، و لەکاتی مردنی ئەندامێک خەرجی ناشتنیان پێ دەکرد و هاوکاری منداڵ و خێزانەکانیان پێ دەکرد، هەروەها خەرجی ئاهەنگەکانی بەرزکردنەوەی پلەی پیشەگەرانی پێ دەکرا (جیب و بوین, ١٩٩٧: ٣١٩ ؛ Qwataert, 2005: 136)، داهاتی ئەو سندوقە زیادی دەکرد بە هەندێ بەخشینی تایبەت، هەر وەستایەکیش بیویستایە خەلفەکەی پلەی بەرز بێتەوە دەبوو بڕێک پارە بخاتە سندوقەکە بۆ خەرجی ئاهەنگەکانی پلە بەرزکردنەوە (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٩–٣٢٠).

زۆر جاریش وەک وەفایەک خاوەن پایەکانی ناو سنفەکان لەو کەسانە هەڵدەبژێردران کە لە پیشەکانیان خانەنشین دەبوون یان تەمەنیان بەسەر دەچوو، ئەمەش بۆ یارمەتیدانی بووە لە ڕووی داراییەوە (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٨)، هەروەها ڕێزلێنانیش بووە بۆ ئەو خزمەتەی لە ژیانیدا لەو بوارەدا پێشکەشی کردووە، ئەمەش نموونەی بەرزی ڕەوشتی مرۆڤایەتییە، بەڵام قەرەبوو کردنەوەی کەسێکی خانەنشین و بەتەمەن تەنها بە بەخشینی پلە نەبووە، چونکە پلەکان لە ناو سنف سنووردداربوون، بەڵکو بە شێوازی دیکە یارمەتی دراون، بۆ نموونە کەسێکی وەک زارۆ

ئاغـا (١٧٧٤_١٩٣٤ز) کـه کـۆڵبەرێکی بـەتوانا و نـاوداری کـورد بـوو لە ئەســـتانبۆل لەســـەدەی نـــۆزدەم و زۆر خۆشەویســـت بـــووە لـــە نـــاو هاوپیشـــەکانی، کاتێـک تەمـــەنی بەســـەر چـووە و نـــەیتوانیوە کـار بکـات، کۆڵبەرەکانی ئەو شارە بەردەوام یارمەتییان داوە (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٨٦).

پەیوەندی نێوان ئەندامانی سنفە پیشەییەکان لەسەر بنەمای یارمەتی و ڕێزگرتنی نێوانیان بووە، لەگەڵ ڕێزگرتنی پایەدارانی ناو سنف، شاگرد ڕێزی خەلفەکەی دەگرت و خەلفەش ڕێزی وەستاکەی، جگە لەوە وەفا بۆ پیشــە لەمەوە زۆر بە ڕوونـــی دەردەکەوێـت کـاتێ پیشــەگەرێک پیشــەی باوکی دەکات، یەکێک لە ئامانجەکانیشی پاراستنی پیشـەکە بووە لە نەمـان (حمیـدي و حمـوش، ٢٠١٥: ٤٧). جـگە لەوە بـۆ دووپـاتکردنەوەی وەفـا و ڕێزی خۆیـان سـاڵانەش لەئاهەنگی تایبەتدا ئەندامانی سنفەکان سـەردانی گۆڕی  وەلی و پیرەکەیان دەکرد (جیب و بوین، ١٩٩٧: ٣١٧).

## پێگەی سیاسی ڕێکخستنە پیشەییەکان:

سـنفە پیشـەییەکانی دەوڵەتـی عوسـمانی بەوپێیەی بەشـێکی گەورەی کۆمەڵگەیـان پێکـدەهێنا، بـۆیە زۆرجـار ڕۆڵـی یەکلاکەرەوەیـان دەبینـی لە پرسـە سیاسـییەکان، ئەگەرچـی نەگەیشـتونەتە دەسـەڵات، لەگەڵ ئەوەشـدا بەشدارییان هەبووە لە جوڵە سیاسییەکان، جا چ پشـتیوانی دەسـەڵات بێت یـــان بەرهەڵســـتی، هەروەک لە ئەســـتانبۆل ســـاڵی ١٥٦١ز ســـنفەکانی پیشـــەگەری خۆپیشـــاندانێکی فراوانیـــان ئەنجامـــدا دژی حکـومەت کاتێـک پێشەگەرانی ناچار دەکرد بە کڕینی کەرەستە دەست بەسـەرداگیراوەکان بە نرخێکـــی بەرز، پیشـــــەگەران لەبەردەم دیـــــوانی ســـــوڵتان داوای دادپەروەرییـــان دەکـــرد لە ســـەدری ئەعـــزەم[١٢] ، لە ڕۆژی دواتریشـــدا دوکانەکانیـان داخسـتن و بەهەزارانیـان کە زۆربەیـان چەکیـان هەڵگرتبـوو گردبـوونەوە، لە ئەنجامـدا سـەدری ئەعـزەم لادرا (اینالجیـک، ٢٠٠٢: ٢٤٨)، لەمەشەوە دەردەکەوێ کە سەرکەوتووترین چەکی ڕێکخستنە پیشـەییەکان

بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی حکـومەت خۆپیشـاندان و داخسـتنی دوکـان و ڕاگرتنی بەرهەمهێنان بووە.

دەسەڵاتخوازەکان سوودیان لە پێگەی خاوەن پیشـەکان وەرگرتووە بـۆ گەیشـتن بەدەسـەڵات یـان پاراسـتنی دەسـەڵاتیان و هەوڵیـان داوە ڕەزامەنـدی و سـۆزی ئەو تـوێژەی کـۆمەڵگە وەدەسـت بێـنن، ئەوەتـا سوڵتانەکان لەکاتی شەڕەکاندا پەنایان بردۆتەبەر ڕێکخستنە پیشـەییەکان تـاکو لەڕێـی بەرپرسـەکانیانەوە ئەنـدامە پیشـەگەرەکان هـان بـدەن بـۆ یارمەتیدانی دەوڵەت و چوونە بەرەکانی جەنگ لە کاتی شـەڕیان لەگەڵ نەیاراندا، وەک ئەو هەوڵەی سـوڵتان مـرادی چـوارەم (١٦٢٣_١٦٤٠ز) لە سـاڵی ١٦٣٨ز بـۆ شـەڕی دژ بە ئێـران (لـویس، ١٩٨٢: ١٤٣)، لای خۆشـیانەوە ڕێکخسـتنە پیشـەییەکان لە ململانـێ دابـوون بـۆ نـاردنی ژمارەیەک پیشەگەر لەگەڵ سوپای عوسمانی بۆ بەرەکانی شـەڕ (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٢٦٨)، ئەوەتا لەنێو خاوەن پیشـەکان گرووپێک هەبوون لەگەڵ سـوپای عوسـمانی دەچـوونە بەرەکـانی شـەڕ بـۆ دابینکردنـی پێداویستییەکانی شـەڕ کە پێیـان دەوتـرا (ئـۆردوچی)، خـاوەن پیشـەکانی تریش کە لەسـەر کاری خۆیان بەردەوام دەبوون لەبەرامبەر بەخشینیان لە بەشـداریکردن بڕێـک پارەیـان دەدایە هـاوڕێ بەشـداربووەکانی شـەڕ (صابان، ٢٠٠٠: ٤٣)، جگە لەوە ئەندامانی ڕێکخستنە پیشـەییەکان ڕۆڵیـان هەبووە لە زاڵبوون بەسەر ڕاپەڕین و نیگەرانییەکان و کاری گێرەشێوێنی بۆ گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش (الجمیل، ١٩٩٧: ٨٨)، ئەمەش مانـای وایە کە ئەو هێزە کارایە تەنها هێزێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبوون، بەڵکو بەشداری سیاسیشیان هەبووە.

ڕێکخسـتنە پیشـەییەکانی قاهیرەش لەسـەدەی حەڤدەم خۆپیشـاندانی فراوانیـان کـردووە دژی گـۆڕینی محتسـبێکی میسـری و دانـانی تورکێـک لەشـوێنی، ئەو هەڵوێسـتەش دەرخەری هەبوونی دەمـارگیری نەتەوەیـی و

ناوچەییە لەنێو پیشـەگەراندا، جگە لەوەش جۆرێک لە دژایەتی سنفەکانی میسر دەبینرێ بۆ دەوڵەتی عوسمانی (ونتر، ٢٠٠١: ٣٦٤).

بەڕای توێژەرێـک وەدەسـتهێنانی لایەنگـری خـاوەن پیشـەکان و بەرگری لێ کردنیان و هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیان و نەهێشتنی ستەم لە سەریان، هۆکاری سەرەکی گەیشتنی بنەماڵەی جەلیلییەکان بووە بە دەسـەڵات لە ولایەتـی موسـڵ (رؤوف، ١٩٧٥: ٢٩٠)، و ڕێکخسـتنە پیشـەییەکان هەنـدێ جـار لەگەڵ دەسـەڵات کاریـان کـردووە لەپێنـاو گۆڕینەوەی سوود لەنێوان هەردوولا، و بەشداری ڕووداوە ناوخۆییەکانی وەک کودەتاکانی دژ بە والییە بیانییەکانیان کردووە (الجميل، ١٩٨٨: ٢٦١)، بەجۆرێـک نارەزاییـان دەربڕیـوە و دەسـەڵاتدار و والییەکانیـان خسـتۆتە بەردەم هەڵوێستی ناخۆش، تەنانەت دوورخستنەوەیان، کاتێک دەسـەڵاتی عوسمانی ناچاربوونە بە گۆڕینیان بە والییەک کە ڕەزامەندی دانیشتوان و سـنفە کاریگەرەکـانی لەسـەر بێـت (نـورس و رؤوف، ١٩٨٣: ٦٢٣)٫ ئەو جـۆرە چالاکییـانەش مـۆرکی سیاسـییان هەیە و پـێگەی سیاسـیی ئەو ڕێکخسـتنە پیشـەییانە دەردەخـات، ئەگەرچـی نەیـانتوانیوە کـۆنترۆلی دەسەڵاتی سیاسی بکەن.

لە سـەدەی هەژدەم کـاریگەری سـنفەکانی پیشـە لە بەڕێـوەبردن و ئاراستەکردنی دەسـەڵاتداران زیـادی کردبـوو لەهەنـدێ نـاوچە، بەتـایبەتی دوای چوونیان بۆ ڕیزەکانی سوپای ئینکیشـاری (١٣٦٢–١٨٢٦)[١٣] ڕۆڵـی سیاسـییان زیـاد بـوو، بەشـداری ڕووداوە ناوخۆییەکـان بـوونە لە چوارچێـوەی کودەتـا زۆرەکـان دژی دەسـەڵاتداران (الجميل، ١٩٩٩: ١١٧)، هەنـدێ جـاریش سـنفەکان پشـتگیری دەسـەڵاتە ناوچەییەکانیـان کـردووە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو دەسەڵاتانە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی دەسـەڵاتی ناوەنـد بـوونەوە لە دەسـت خسـتنە کاروبـاری ویلایەتەکـان، بـۆ نمـوونە لەساڵی ١٧٧٨ز ڕێکخستنەکانی پیشەگەران چوونە پاڵ مەمالیکەکانی بەغدا دژی هەوڵی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەپاندنی والییەکی نوێ، هەربۆیەش

شتێکی نامۆ نەبوو دواتر باجی ئەو هەڵوێستە سیاسییەیان بدەن، هەروەک دوای کۆتایی دەسەڵاتی مەمالیکەکان و هاتنی عەلی ڕەزا پاشا بۆ بەغدا (١٨٣١–١٨٤٢ز) باجی دیکەی سەپاندە سەر پیشەگەران و ئەوەی پابەند نەبایە زیندانی دەکرا و لێی دەدرا (السویدي، ١٩٧٨: ٥١).

هەر بەهۆی ئەو هێزی ئینکیشارییەوە لەساڵی ١٨١٠ز خاوەن دوکانەکانی بازاڕ لە بەغدا چەکیان هەڵگرتبوو و هەوڵی کوشتنی قائیمقامی شاریان دەدا، جگەلەوەش بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییە ناوخۆکانی تر سەنگیان زیادی کردبوو تاوای لێهات بتوانن مانگرتنی گشتی ڕابگەیەنن و بازاڕەکان دابخەن و چەک هەڵبگرن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕێکخستە پیشەییەکان نەیانتوانی چالاکییە سیاسییەکانیان بگەیێننە ئاستێک بتوانن دەستبگرن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی شارەکان، هێندەی لەڕووی ئابوورییەوە ڕەگەزێکی گرنگ بوون بەو ئەندازە دەسەڵاتی کاریگەریان نەبووە (ڕۆوف، ٢٠١٤: alukah.net).

دەباغەکانی پایتەخت هۆکاری لەدەستدانی پۆستی باڵا بوون بۆ زۆر کەس، نوسەرێک بە گێرەشێوێن ناویان دەبات بەوەی ملکەچی دەسەڵات نەدەبوون و توانای لادانی سوڵتانیشیان هەبووە (لویس، ١٩٨٢: ١٥٩).

هەندێ لە سنفە کاریگەرەکانی پیشەگەری لە ململانێی سیاسی نێودەوڵەتی جیا لەشەڕیش بەشداربوون لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت لە فشارە ئابوورییەکان، وەک مانگرتن و بایکۆتی کاڵا و بازرگانی نەمساوی لەساڵی ١٩٠٨ز، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و نەمسا لە ئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە خاکی عوسمانی لە بۆسنە و هەرسک لەلایەن نەمسا، بەمەش بایکۆتی کڕین و فرۆشتنی کاڵای نەمساوی کرا لە دوکانەکانی ئەستانبۆل و کۆڵبەرەکانیش بارکردن و گواستنەوەی کاڵای نەمساوییان ڕاگرت و لە گومرگەکان هێڵدرانەوە، ئەو هەڵوێستەش لە میدیای ئەوسای ئەوروپا دەنگدانەوەی هەبوو (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٧٧_١٧٨).

بەهۆی خراپبوونی بژێوییان سنفەکان لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەهەندێ ناوچە مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاندووە لەپێناو زیادکردنی کرێی ڕۆژانەیـان، یەکێـک لەو نموونـانەش مـانگرتنی ١٩١٢ز بـوو لە بەغـدا کە دەباغەکـان ئەنجامیانـدا، دوای بەڵێنـی زیـادکردنی کرێیەکانیـان لەلایەن کتخداکەیان ئینجا مانگرتنەکەیان شکاند، بۆ جاری دووەم لەساڵی ١٩١٣ز دەباغەکان مانیان گرت و کارەکانیان جێهێشت و داوای زیادکردنی کرێیان دەکرد بە ڕێژەی ٢٥%، ئەمجارەش خاوەن کارگەکان ناچاربوون داواکە جێبەجێ بکەن و ئەوانیش گەڕانەوە سەر کار (أحمد، ١٩٨١: ٣٤). دیارە ئەو هەڵوێستەش دژی دەسەڵات نەبووە بەڵکو دژی کتخدای سنفەکەیان بـووە کە ئەمەش ئامـاژەیەکی مەترسـیدار بـوو بـۆ تەقینـەوەی دۆخـی ڕێکخستنە پیشەییەکان و دارمانی ئەوندەی مابوو.

## ڕۆڵی هێزەکانی ئینکیشاری لەنێو ڕێکخستنە پیشەییەکان:

لە زۆربەی ولایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی دوو دیاردەی پەیوەست بەیەکتـرەوە دەبینـرێن لەنێـوان ڕێکخسـتنەکانی پیشـەگەران و هێزەکـانی ئینکیشـاری کە لێکجیاکردنەوەیـان زەحـمەتە، ئەویـش یەکەمیـان دیـاردەی چـوونی پیشـەگەر و بازرگانەکـانە بـۆ نـاو دامەزراوەی سـەربازی یـان سوپای ئینکیشاری، دووەمیش چوونی ئەندامانی سوپای ئینکیشـارییە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پیشەگەری.

بە خزینی پیشەگەران و ئەندامانی ڕێکخسـتنە پیشـەییەکان بەتایبەتی موسڵمانەکان لەسەدەی هەژدەم بۆ ناو ئۆرتەکانی[١٤] سوپای ئینکیشـاری لە زۆربەی ناوچەکـانی عوسـمانی ڕۆڵێکـی ترسـناکیان گێـڕا لە ژیـانی سـەندیکایی، تەنـانەت لە بولگاریـای عوسـمانی و سـربیا و بۆسـنە و مەکدۆنیا، هەروەها ئەستانبۆل (Qwataert, 2005: 136)، بە تایبەتی کە جـولەکە و مەسـیحییەکان نەیانـدەتوانی بچـنە نێـو ئینکیشـاری، بەمەش جیاکاری دروست بوو لە نێوان ئەندامە موسڵمان و ناموسڵمانەکانی سنفە

پیشەییەکان بەو پێیەی موسڵمانەکان سوودمەند دەبوون لە ئیمتیازاتەکانی ئینکیشاری (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٢: ٤١٦).

چوونی خاوەن پیشەکان بۆ ناو سوپا و هەبوونی ڕێکخستنی سەربازی لەناو سنفەکان، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بووە بە ویستی پارێزگاریکردن لە خۆیان و پیشەکانیان لەلایەک (الجبوري، ١٩٨٠: ٨٠ ؛ غطاس، ٢٠٠١: ٢٨٥) و لەلایەکی تریشەوە ئەندامانی ئینکیشاری بەدەر بوون لە چاودێری و لێپێچینەوەی قازی و محتسب، بەمەش ڕەنگە ئارەزوویان کردبێ خۆیان لە سانسۆر و کۆت و بەند و باج ڕزگار بکەن، ئەمەش سەبارەت بە دەوڵەت جێی مەترسی بوو, بۆیە هەوڵی دەسەڵات هەیە بۆ ڕێگری لەو دیاردەیە، ئەویش بە فەرمان کردن بە قازی ولایەتەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی ڕێکخستنە پیشەییەکان لە قەدەغەکردنی چوونی ئەندامانی سنفەکانیان بۆ ناو سوپا (عبدالرحیم، ١٩٨٨: ٤٨٩).

هەرچی خزینی ئەندامانی سوپای ئینکیشاریە بە پلەی جۆراوجۆرەوە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی پیشەگەری، ئەوا لە بەشێکی فراوانی دەوڵەتی عوسمانی ئەو دیاردەیە دەبینرێ و لە یەک کاتدا سەرباز و پیشەگەر و ئەندامی ڕێکخستنە پیشەییەکان بوون (Qwataert, 2005: 136)، پاڵنەری ئەو دیاردەش بەشێکی هەر پەیوەستە بە بەخشرانیان لە چاودێری و باجدان، جگە لەوەی ڕەنگە بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر و سەرچاوەیەکی تری داهات و بژێوی بووبێت و دۆخی ئابووریيان وای خواستبێ پەنا بۆ کاری تر ببەن.

ڕۆڵی ئینکیشاری لەنێو ڕێکخستنە پیشەگەریەکان سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە، بەڵام تاڕادەیەک لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازبوو، ئینکیشاریەکانی ئەستانبۆل کە ژمارەیان نزیکەی چل هەزار دەبوو لە سەدەی هەژدەم بە تەواوی تێکەڵ ببوون لەناو سەندیکا پیشەگەرییەکان، تەنانەت گروپی تایبەتی وەک ئاگرکوژێنەوەشیان تێدا دروستکردبوون. لە

قـاهیرەش خزینـی ئینکیشـاریەکان بـۆ نـاو زۆرێـک لە سـنفە پیشـەییەکان لەسـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەم دەسـتی پێکردبـوو، بەڵام هەژموونیـان قۆناغێکی دوورتری بڕیبوو لەچاو ئەستانبۆل، چونکە پیشەگەران لەژێر پاسـەوانی ئاغـای ئینکیشـاری بـوون. هەرچـی نـاوچە کـوردی و عەرەبییەکـانی شـام و موسـڵە ئەوا هاوپەیمـانێتی نێـوان ئینکیشـارییە محەللییەکـان و سـنفەکانی پیشـەگەری سـیمای شـارەکانیان بـوو وەک ویلایەتەکـانی تـر، لە حەلەب و دیمەشـق ئینکیشـارییە پیشـەگەرەکان لە نـاکۆکی دەسـتە و تاقمەکـانەوە گلابـوون، لە حەلەب تاقمەکـان کە هاوپەیمانیـان هەبـوو لەگەڵ هـۆزە کـوردی و تورکمانەکـانی محەللـی چووبـوونە پـاڵ ئینکیشـارییە پیشـەگەرە محەللییەکـان، لە دیمەشـقیش تاقمەکـان کە هاوپەیمانیـان هەبـوو لەگەڵ دەسـتەبژێری نـاوخۆ، دژایەتـی ئینکیشـارییە پیشـەگەرە محللییەکانیـان دەکرد کە بەرهەڵستی ئینکیشـارییە عوسـمانییەکانی بەرپـرس لە پاراسـتنی کـاروانی حاجییەکـانی دەکـرد (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧: ٤١٩–٤٢٢).

دەستوەردانی ئینکیشـاری لە کـاری پیشـەگەران لایەنـی چاودێریشـی دەگـرتەوە کاتێـک سەرپەرشـتی پیشـە خزمەتگوزارییەکـان بەتـایبەتیش گەرماوەکانیان دەکرد (غطاس، ٢٠٠١: ٢١٦).

شیاوی باسە بوونی ئەندامانی سوپای ئینکیشاری لە نێو پیشەگەریدا زیـانی گەورەی لەو کەرتە ئـابوورییە گـرنگە دا، بەو پێیەی ئەوان بەهـۆی ئەو ئیمتیاز و پێگەی هەیانبوو قۆرخکارییان ئەنجام دەدا و بەدەر لە یاسـا و نەریـتە کارپێکراوەکـان هەڵسـوکەوتیان دەکـرد و شـوێنی نوێیـان دەکـردەوە و کەسـانی کەم ئەزمـوون خۆیـان دەکـردە وەسـتا و زۆرجـار خاوەن وەرشە و وەستاکانیان ناچار دەکرد لە قازانجدا هاوبەشییان پێ بکەن، ئەمەش درزی خستە پەیوەنـدی پیشـەگەران و نـاو ڕێکخسـتنەکانی پیشـەگەری لەلایەک، و لەلایەکـی تریشـەوە کـوالێتی کالاشـی دابەزانـد، ئەوەش کـاریگەری هەبـوو لەسـەر ناوبانـگ و دابەزینـی خواسـت لەسـەر

کاڵای ناوخۆی پیشەگەران و ساغ نەبوونەوەیان لەبازاڕ، سەرەنجام لەپاڵ کۆمەڵێک هۆکاری تر بوونە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و بەپێچەوانەشەوە زیادبوونی ڕەواجی کاڵای بیانی، بەمەش پیشەگەری بەرەو پوکانەوە چوو و ڕێکخستنەکانیشیان بەرەو هەڵوەشانەوە.

**پەیوەندی دەسەڵات و ڕێکخستنە پیشەییەکان:**

پەیوەندی سنفەکانی پیشەگەری بە دەسەڵاتەوە پەیوەندی حاکم بوو بە ڕەعیەتەوە، ئەو پەیوەندییەش بەشێوەیەکی فراوان لەسەر بنەمای ئابووری و سیاسی بنیات نرابوو کە خۆی لە وەرگرتنی باجەکان و کۆنترۆلی ئاسایش دەبینیەوە بێ ئەوەی بەزەقی دەست بخاتە نێو کاروباری ناوخۆیی، و ئەرکی سەرەکی ڕێکخستنە پیشەییەکان بریتی بوو لە بەیەک گەیاندنی نێوان دەسەڵات و دانیشتوانی شار، و هاوکاریکردنی دەسەڵات لە سەپاندنی دەسەڵات بەسەریاندا بەبێ پێویست بوونی ئیدارەیەکی تایبەت، و شێخی سنف ئەڵقەی پەیوەندی بووە لە نێوان دەسەڵات و سنفی پیشەیی، دەسەڵات لەڕێی شێخی سنفەوە فەرمانەکانی دەگەیاندە پیشەگەران و لەبەرامبەریشدا پیشەگەران هەر لەڕێگەی شێخی سنفەکەیانەوە داواکارییەکانیان دەگەیاندە دەسەڵات (الجبوري، ٢٠١١، ٢٥١). شێخەکانی سنف لیستی ناوی ئەندامانی سنفە پیشەییەکانیان لەلابووە کە دەسەڵات لەکاتی پێویست پەنای بۆ بردووە (فاروقي، ٢٠٠٧: ٢٧٠).

ڕێکخستنی پیشەیی شانەیەکی سەرەکی بووە لە یارمەتیدانی دەسەڵات بۆ ملکەچکردنی دانیشتوان لەڕێگەی شێخەکانی پیشە، کە لەکاتی تەنگژەکاندا هەندێ جار ڕاوێژیان پێ دەکردن، بۆ نموونە لەکاتی بڵاوبوونەوەی برسییەتی و بەرزبوونەوەی نرخەکان، ئاغای ئینکیشاری یان محتسب بانگی شێخی سنفی دەکرد بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست بۆ دانانی نرخ (حمیدي و حموش، ٢٠١٥: ٤٥).

ئەگەرچی ڕێکخستنە پیشەییەکان تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بوون، هەرچەندە توێژەرێک پێی وایە لەبنەڕەتدا لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە دروستکراون بۆ سەرپەرشتیکردنی پیشەگەران و سەپاندنی باج بەسەریاندا (فاروقي وآخرون، ٢٠٠٧، ٢٦٩)، هەرچۆنێک بێت لە چەندین وێستگەدا پەیوەندی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆ حکومەت و سنفەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە هەر ئەوانەش بوونەتە ئاماژەی ئەو ڕایەی سەرەوە، هەروەک لە دانانی شێخی سنف و ئامادەبوون لەبەردەم قازی و تۆمارکردنی دانانەکە لە تۆماری دادگا وابەستەبوونی ڕێکخستنەکانی پیشەگەران بە دەزگاکانی دەوڵەت دەردەخا، هەروەها چاودێری محتسب بەسەر بازاڕ بەیاوەری هێزی سەربازی و دانانی نرخی خزمەتگوزاری و کالای پیشەگەران و سزای سەرپێچیکاران و وەرگرتنی باج لێیان (Faroqhi, 2009: 219)، وێڕای بوونی هەندێ لەو پیشەگەرانە لە دەزگاکانی دەوڵەت و کۆشکی سوڵتانەکان و بەشداری سنفەکان لە مەراسیمە فەرمییەکان و ئاسانکاری سنفەکان لە دابینکردنی سەرباز بۆ دەوڵەت لەکاتی پێویست وابەستە بوونی پیشەگەران بە دەسەلاتەوە زیاتر ئاشکرا دەکەن، بە جۆرێک هەژموونی دەسەلاتی ناوەندی بەسەر ژیانی پیشەیی و دواتر ژیانی ئابوورییەوە بە ڕوونی تێبینی دەکرێت.

چاودێری دەوڵەت و دەستوەردانی دەوڵەت لە کاری پیشەگەران بە چەند شێوازی تریش دەبینران، وەک سەرپەرشتیی و چاودێری پیشە خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتیش گەرماوەکان، کە لە هەندێ ناوچەی عوسمانی دەوڵەت چۆنیەتی بەکارهێنانی گەرماوەکانی لەلایەن دانیشتوانی شار و کاتەکانی کرانەوەیان دیاری کردوون بە ئامانجی پاراستنی ناوبانگ و سەپاندنی ڕەوشتی باش (غطاس، ٢٠٠١: ٢١٦)، بەتایبەتی ئەستانبۆل کە لەهەموو گەڕەکەکانیدا گەرماو بۆ پیاوان و ژنانیش هەبوون و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە هەبوو (المرسي، ١٩٩٩: ١٣٥).

له دیاریکردنی شوێنی تایبەت بۆ پیشەگەران و لێکجیاکردنەوەیان له بازاڕدا بەشێوەیەک هەر جۆره پیشەیەک بازاڕی تایبەت بەخۆی یان ناوچەیەکی دیاریکراو لەبازاڕی هەبووه (Kia, 2011: 87)، هەندێکیشیان له نزیک مەڵبەندی کارەکانیان نیشتەجێ دەبوون (حلاق، ١٩٨٧: ٢٤). هەروەها له دانانی سیستەمی گیدک له بازاڕدا، دەسەڵات کارەکتەری سەرەکی بووه. هەروەها بوونی چەند حاڵەتێک که هەندێ کەس که هیچ پەیوەندییان به کاری پیشەییەوه نەبووه لەلایەن دەوڵەتەوه به کتخدای سنفەکانی پیشەگەری دانراون، هەرچەند ئەوه مانای ئەوه ناگەیێنێ که هەموو کتخداکان لەلایەن دەوڵەتەوه دانرابن لەسەردەمێک لەسەردەمەکانی عوسمانی (مجموعة مؤلفين، ١٩٩٩: ٧٢٤).

هەر بەهۆی دەستوەردانی دەسەڵات و بەکارهێنانی ڕێکخستنەکانی پیشەگەری بۆ هەندی مەرامی تایبەت لەلایەن هەندێ دەسەڵاتداری ولایەتەکان و دواتر یاساکانی سەردەمی تەنزیمات و چاکسازی، له سەدەی نۆزدەم، ڕێکخستنه پیشەییەکان ئەو سەربەخۆییەی پێشتر هەیانبوو لەدەستیان دا (Faroqhi, 2009: 140).

دەوڵەت تەنها چاودێری ڕێکخستنه پیشەییەکانی نەکردووه، بەڵکو یارمەتیشی داون گەر پێویست بووبێت، هەروەها دانی پێداناون وەک دەستەی یاسایی و هەندێ ماف و ئیمتیازیشی پێداون (کۆپریلی، ١٩٦٧: ١٠٩)، زۆرجاریش لەبەرژەوەندی سنفەکان و بۆ گێڕانەوەی ڕەوایەتی و پاراستنیان له دەستی دەسەڵاتداران، سوڵتانەکانی عوسمانی دەستیان خستۆته ناو کاروباری ڕێکخستنه پیشەییەکان، بۆ نموونه گەر دەسەڵاتداری ویلایەتێک شێخی سنفێکی دانابێ بەبێ گرتنەبەری ڕێکاری پەیڕەوکراو، ئەوا سوڵتان فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دانانەکەی دەرکردووه، که ئەمەش دەربڕی ڕەتکردنەوەی دەستوەردانی کاروباری ناوخۆی سنفه پیشەییەکانه. تەنانەت هەندێ جار شێخەکانی سنفه پیشەییەکان پەنایان بردۆتەبەر سوڵتان لەکاتی زوڵمی دەسەڵاتدارانی

ویلایەتەکان لە ئەندامانی سنفەکان، سولتانیش لای خۆیەوە فەرمانی بە قازییەکان کردووە بۆ ڕێگریکردن لە ڕەفتاری ناڕەوای دەسەڵاتداران (الجبوري، ٢٠١١: ٢٥٢).

لە ڕاستیدا هەردوولا دەوڵەت و ڕێکخستنە پیشەییەکان دانیان بە دەسەڵات و بوونی یەکتردا ناوە، ئەوەتا قازی هەموو گۆڕانکارییەکانی سەرکردایەتی و بڕیارەکانی سنفەکانی تۆمار دەکرد، و لەکاتی سەرنەکەوتنی ئەندامانی سنفەکان لە چارەسەری ناکۆکی نێوانیان یان سزادانی سەرپێچیکاران پەنایان بردۆتە بەر دەوڵەت. جگە لەوەش دەوڵەتی عوسمانی بەر لەوەی ببێتە دەوڵەتێکی ناوەندی سنفەکان سەربەخۆیی زیاتر و هێزی گەورەتریان هەبوو، هەروەها سەرکردەکانی سنفەکان لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتیان داوای بەشداری کارای دەوڵەتیان دەکرد لە کاروباریاندا، بەمەش دەیانتوانی بەیارمەتی دەوڵەت زاڵبن بەسەر ئەو ڕەوتانەی هەڕەشە بوون لەسەر سنفەکان. عوسمانییەکانیش لای خۆیانەوە هاریکاری بەردەوامبوونی گەورە وەستاکانی سنفەکان بوون و هەوڵی پاراستن و هێشتنەوەی پێکهاتە کلاسیکییەکەیان دەدا لەو ڕوانگەیەوە کە هەر نوێکارییەک دەکرێ ببێتە هۆی ئاژاوە، کە ئەمەش بۆ دەوڵەت پەسەند نەبوو و دەبووە هۆی لەدەستدانی سەرچاوەکانی داهات، بۆیە سەرکردەکانی سنفەکان هەردەم ئەو خاڵەیان دەورووژاند کە بیانویستایە دەوڵەت لەبەرژەوەندی ئەوان دەستوەردان بکات (اينالجيك، ٢٠٠٢: ٢٣٩–٢٤٠).

بەگشتی دیاردەیەکی مێژوویی دەبینرێ لە هاوکاری و چوونەپاڵ یەکتری لە نێوان هێزە کاراکەی ڕێکخستنە پیشەییەکان و دەوڵەتی عوسمانی کە بۆتە هۆی مانەوەی شکۆی دەوڵەت لەلایەک و کارایی هێزە پیشەییەکە لەلایەکی ترەوە و دەربازبوونی هەردوولا لە هەموو ئەو ڕەوت و گرووپانەی دەبوونە هەڕەشە لەسەر سنفەکانی کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی دەوڵەت.

## هەڵوەشانەوەی سەندیکا و ڕێکخستنە پیشەییەکان:

لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەمەوە پێگەی پیشەگەران لە دەوڵەتی عوسمانیدا لاوازبوو، بەمەش ڕێکخستنەکانیشیان زۆر لاواز بوون، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، لەسەرووی هەموویانەوە سیاسەتی چاکسازی و ئیمتیازی بیانی[١٥] و هاتنی بەلێشاوی کاڵای بیانی بۆ بازاڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە بەرهەمی پیشەگەران نەیتوانی ململانێی بکات، ئیتر وردە وردە چالاکییەکانیان بەرەو نەمان چوون و پیشەگەران دەستیان لە پیشەکانیان هەڵدەگرت، تا وای لێهات ئەو هێزەکارایەی جاران ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەما، سەرەنجام ڕێکخستنەکانیشیان بەرەو هەڵدێر ڕۆیشتن و بەبێ ئەوەی هەڵوەشانەوەی خۆیان ڕابگەیێنن ڕۆڵیان کۆتایی هات وەک ڕێکخستن و سەندیکای تایبەت بە پیشەگەری، هەرچەندە کەم و زۆر پیشەگەر و چالاکییەکانیان هەر مابوون, ئیتر کۆتایی بە قۆناغێکی گرنگی ئەزموونی کاری سەندیکایی هات لە ڕۆژهەڵات و لە چاوەڕوانی دەرکەوتنەویان بەشێوازێکی تر کە شتێکی حەتمی بوو هەروەک بینرا.

## ئەنجامەکان:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەگشتی گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک، کە لەخوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

ڕێکخستنەکانی پیشەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی چالاکی پیشەگەری و هەمەجۆربوونی پیشەکان و لەپێناو پاراستنی ئەندامان و بەرهەمەکانیان دروستبوون.

ڕێکخستنەکانی پیشەگەری جیاواز لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی تر بە پێکهاتەی هەڕەمی دەناسرانەوە، کەوا کەسێک سەرکردایەتی دەکرد پێی

دەوترا کتخدا یان شێخی سنف لەگەڵ چەند پلەوپایەکی کە کارەکانی پیشە گەرانیان ڕاپەڕاندوە و داکۆکیان لە مافەکانیان کردووە.

بەدەست هێنانی پلەوپایە لەناو سەندیکا پیشەگەرییەکان زۆربەی کات پەیوەست بووە بە لێهاتوویی و پابەندبوون بە نەریت و یاساکانی پیشە.

ڕێکخستنەکانی پیشەگەری ڕۆڵی دیاریان هەبووە لە کاروباری سیاسی لە چوارچێوەی پشتیوانی یان دژایەتی لایەنێکی سیاسی.

بوونی ڕێکخستنە پیشەگەرییەکان هاوکاری دەوڵەتی دەکرد لە چاودێریکردنی بەشێکی فراوانی کۆمەڵگە و وەرگرتنی باج و دەستکەوتنی پشتیوانی لەکاتی شەڕەکاندا.

پیشەگەران لە ڕێی سنفەکانیانەوە بەردەوام هەوڵیان داوە ماف و بە رژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و دابین بکەن، کە هەر پیشەیەک سنفی تایبەت بەخۆی هەبوو.

لە ڕووی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەوە ئەندامانی ڕێکخستنە پیشەییەکان زۆر پاپەند بوونە و هاوکاری یەکتریان کردووە, یاسا و نەریت و ئاینیش هانی داون بۆ ئەو پابەند بوونە.

هەڵوەشانەوەی سنفە پیشەییەکان لە ئەنجامی داتەپینی پیشەگەری بە هۆی سیاسەتی دەوڵەت و خودی پیشەگەران و هاتنی کاڵای پێشکە وتووی هەرزانی ڕۆژئاوایی.

## پەراوێزەکان:

(١) فتوە ڕێکخستنی لاوانی سۆفیگەری خاوەن پیشە بوون، لەسەردەمی عەباسیەکان گەشەیان کردووە، پابەندی کۆمەڵێک بنەمای ڕەوشتی و ئاینی بوون .

(٢) تەکیە شوێنی زیکر و کۆبوونەوەی شوێنکەوتووانی ڕێبازی سۆفیگەری قادری، و خانەقاش شوێنی زیکر و کۆبوونەوەی شوێنکەووتوانی ڕێبازی نەقشەبەندی.

(٣) ئەنادۆل ئەو بەشەی دەوڵەتی عوسمانی بوو کە دەکەوتە ئاسیا، پێشتر پێی دەوترا ئاسیای بچووک, نزیکەی ٩٧% ی خاکی تورکیای ئێستا پێک دێنێ، لە باکوری ڕۆژئاوایدا دەریای مەڕمەڕە و چەناق قەلعە و بوسفۆر لە زەویەکانی تراکیا (بەشی ئەوروپای تورکیا) جیای دەکاتەوە، لەباکوریدا دەریای ڕەش و لە ڕۆژئاوا دەریای ئیجە و لە باشور دەریای سپی ناوەڕاست و لەڕۆژهەڵاتیش دەگاتە بەرزایی چیایی فراوان. (صابان، ٢٠٠٠: ٣٩).

(٤) ئەخیان (الفتوه) لە ئەنادۆل لەسەردەمی سەلجوقییەکان هەبوون لە شێوەی سەندیکایەک، لەلایەن سەرۆکێکی هەڵبژێردراو بەڕێوە دەبرا پێی دەوترا (اخي) ناوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی تایەفەکە (اخی ئۆران).

(٥) سالنامە ڕۆژمێری ساڵانە بوو لەشێوەی ڕۆژنامەی فەرمی، لەساڵی ١٨٤٧ز بەدواوە دەوڵەتی عوسمانی پشتی پێ دەبەستی لە تۆمارکردنی زانیاریەکان (عامر، ٢٠١٢: ٣٧٤)

(٦) زارۆ ئاغا (١٧٧٤_١٩٣٤) کۆڵبەرێکی دیارو ناسراوی کورد بووە لە ئەستەمبۆل، وە بەتەمەنترین مرۆڤی سەردەمی خۆی بووە کە زیاتر لەسەدەو نیوێک ژیاوە، لەڕووی جەستەیشەوە زۆر بەهێز بووە (ئەلاکۆم، ٢٠٠٥: ١٨٤–١٩٠).

(٧) کتخـدا دەسـتەواژەیەکی فارسـی لێکـدراوە بەمانـای خـاوەن مـاڵ، بـۆ زۆر فەرمـانبەری تـریش بەکـار دەهـات، لەوانە یاریـدەدەری والی(عـامر، ٢٠١٢: ٣٧٧).

(٨) جەلیلییەکان بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا بوون، لە ناوچـەکانی ئامـەدەوە هـاتوون و لە موسڵ نیشتەجێ بوون، دواتر توانیان لە نێوان سـاڵانی (١٧٢٦ – ١٨٤٣) حـوکمی موسـڵ بکـەن لـە ژێـر فـەرمانرەوایی عوسـمانیدا (قاشـا، ٢٠١٠: ٥٠ وبعدها).

(٩) یگیت باشی دەستەواژەیەکی عوسمانیە بەمانای سەرۆکی فتیان.

(١٠) بنی عجـلان لە ئەشـرافەکانی دیمەشـق بـوون لە بنەمـاڵەی پێغەمبەر(د.خ) لە ئیمـامی حوسـێن، پۆسـتی شـێخی مەشـایخیان قۆرخکردبـوو، وەک چـۆن ماوەیەک نەقابەی ئەشراف و شێخی تەریقەتیان قۆرخکردبوو بۆ گەورەترین کەسی بنەماڵەکە (حنا، ١٩٨٥: ٣٩).

(١١) سـەردەمی تەنزیمـات لە ١٨٣٩ز دەسـتی پێکـرد بەو فەرمـانەی سـوڵتان عەبدولمەجید دەریکرد کەتێیدا باج و سەربازگرتن بەیاسا ڕێکخران و بەرتیل وەرگـرتن قەدەغەکـرا و کەس بەبـێ بڕیـاری دادگـا حـوکم نەدرێ و هەمـوو دانیشتوان وەک یەک بن بەرامبەر یاسـا، لەمـاوەی مەشـروتیەت کۆتـایی هـات (المصري، ٢٠٠٤: ٣٩).

(١٢) سـەدری ئەعـزەم سـەرۆکی وەزیـران بـوو لە دەوڵەتـی عوسـمانی، وەکیلـی ڕەهـای سـوڵتان بـوو، پێشـی دەوتـرا وەزیـری ئەعـزەم، دەسـەڵاتی هەمـوو کاروباری دەوڵەتی هەبوو، مۆری سوڵتانی لابوو، سەرۆکی دیوانی همـایونی بوو، سوڵتان دەسەڵاتی لادان و کوشتنی هەبوو (صابان، ٢٠٠٠: ١٤٣–١٤٤).

(١٣) سوپای ئینکیشاری بە مانای سوپای نوێ دێت و هێزێکی سەربازی پیادەی عوسمانی بوو، لەسـاڵی ١٣٦٢ز لەسـەردەمی سـوڵتان مـرادی یەکەم دامەزرا، بەهێزتـرین و باڵادەسـتترین هێـزی عوسـمانی بـوو ڕۆڵـی باڵایـان هەبـوو لە فراوانخوازیەکـانی عوسـمانی و ڕێکخسـتنی تـایبەت بەخۆیـان هەبـوو، لەلایەن

سـولْتان مەحمـودی دووەم لە سـاڵی ١٨٢٦ز هەڵوەشـێنرایەوە و لەنـاوبران (الرديني, ٢٠١٤:٦٧وبعدها).

(١٤) ئـۆرتە دەسـتەواژەیەکی تـورکی عوسـمانییە بەمانـای ناوەنـد، لە سـوپای ئیکیشاریدا بەکاردەهات بۆ تابور یان گرووپی سەربازی.

(١٥) ئیمتیـازی بیـانی ئەو ئاسـانکاریانەبوون کە دەوڵەتـی عوسـمانی لە سـەدەی شـازدەمەوە بـۆ وڵاتـانی ئەوروپـی دەیکـرد لە بوارەکـانی سیاسـی ئـابووری سەربازی یاسایی و ئاینی.

## سەرچاوەکان

### کتێبە کوردییەکان:


- ئەلاکۆم، ڕۆهات (٢٠٠٥)، کوردەکانی ئەستەمبۆلی کۆن ١٤٥٣ – ١٩٢٥، و: ئەحمەد تاقانە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- برانـت، جـیمس (٢٠١٣)، سـەفەرنامەی مسـتەر جـیمس برانـت بـۆ نـاوچە کوردنشینەکان، و: هیمەت کاکەیی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- شوانی، بەختیار سەعید مەحمود (٢٠٠٩) ، کەرکوک لەسەدەی نۆزدەهەمدا لێکۆڵینەوەیەک لەبارودۆخی ڕامیاری و ئابووری، چ١، چاپخـانەی دەزگـای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- هەروتـی، سـەعدی عوسـمان (٢٠١٣)، چەنـد لایەنێکـی مێژووی ڕامیـاری و کـۆمەڵایەتی و ئـابووریی کوردسـتان لەسـەردەمی عوسـمانیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.


### کتێبە عەرەبییەکان:


- أبو سليم، عيسى سليمان (٢٠٠٠)، الأصناف والطوائف الحرفية في مدينـة دمشق خلال النصف الأول من القرن الثامن عشر، ط١، دار الفكر، عمان.

- أحمد، كمال مظهر (١٩٨١)، الطبقة العاملة "التكون وبدايات التحرك"، مطبوعات دار الرشيد للمنشورات، مطبعة دار الخلود، بيروت.
- أوزتونا، يلماز (٢٠١٠)، موسوعة تاريخ الدولة العثمانية, ت: عدنان محمود سلمان، مج٤، دار العربية للموسوعات، بيروت.
- الجبوري, عبدالقادر يوسف (١٩٨٠)، التاريخ الاقتصادي، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.
- الجبوري، أحمد حسين عبد (٢٠١١)، القدس في العهد العثماني، ج١ (١٥١٦–١٦٤٠) دراسة سياسية عسكرية إدارية اقتصادية اجتماعية ثقافية، ط١، دار الحامد، عمان.
- الجميل، سيار (١٩٨٨)، الحياة الاقتصادية والاجتماعية لولاية الموصل في العهد الجليلي ١٧٢٦–١٨٣٤، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- الجميل، سيار (١٩٩٧)،أ ، بقاياو جذور التكوين العربي الحديث، ط١، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.
- الجميل، سيار (١٩٩٩)، زعماء وأفندية "الباشوات العثمانيون والنهضويون العرب" البنية التاريخية للعراق الحديث "الموصل نموذجا"، ط١، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.
- الحمداني, طارق نافع (١٩٨٩)، ملامح سياسية وحضارية في تاريخ العراق الحديث والمعاصر، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
- الرديني, يوسف عبدالكريم طه مكي (٢٠١٤)، المؤسسة العسكرية العثمانية "دراسة تاريخية"، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان.
- السويدي، عبدالرحمن (١٩٧٨)، تاريخ حوادث بغداد والبصرة، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، بغداد.
- الشناوي، عبدالعزيز محمد (١٩٨٠)، الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها، ج١، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
- الشيخلي، صباح ابراهيم سعيد (١٩٧٦)، الأصناف في العصر العباسي "نشأتها وتطورها"، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- القفصي، عبدالحكيم (١٩٨٨)، نظرة حول بعض الحرفيين والمهنيين الأندلسيين والاتراك بأيالة التونسية أثناء القرن التاسع عشر من خلال خزينة الوثائق التونسية، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- المرسي، الصفصافي أحمد (١٩٩٩)، أستانبول "عبق التاريخ..روعة الحضارة، منتدى سور الازبكية، دار الآفاق العربية، القاهرة.

- إيبش، أحمد (٢٠١٢)، رحلات في بر الشام في القرن السابع عشر الميلادي "نصوص منتقاة لمجموعة من الرحالين الاوروبيين"، ط١، اصدارات دارالكتب الوطنية، أبوظبي.
- إينالجيك، خليل (٢٠٠٢)، تاريخ الدولة العثمانية من النشوء الى الانحدار، ت: د.محمد.م.الأرناؤوط، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- إينالجيك، خليل (٢٠٠٧)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الاول ١٣٠٠ــ١٦٠٠م، ت: د.عبداللطيف الحارس، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- باشا، خورشيد (٢٠٠٩)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران, ت: مصطفى زهران, مراجعة: الصفصافى أحمد القطورى، طبع بالهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة.
- جيب، السير هاملتون و بوين، هارولد (١٩٩٧)، المجتمع الاسلامي والغرب، ت: عبدالمجيد حسيب القيسي، ج١، ق١، ط١، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق.
- چلبي، أوليا (٢٠١٤)، رحلة أوليا چلبي في كوردستان عام ١٠٦٥هـ/١٦٥٥م، ت: د.رشيد فندي، ط١، مطبعة محافظة دهوك، دهوك.
- حلاق، حسان (١٩٨٧)، التاريخ الاجتماعي والاقتصادي والسياسي في بيروت والولايات العثمانية في القرن التاسع عشر، ج١، سجلات المحكمة الشرعية في بيروت، الدار الجامعية، بيروت.
- حنا، عبدالله (١٩٨٥)، حركات العامة الدمشقية في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر "نموذج لحياة المدن في ظل الاقطاعية الشرقية"، ط١، دار ابن خلدون، بيروت.
- ديولافوا، مدام (د.ت)، رحلة مدام ديولافوا من المحمرة الى البصرة و بغداد سنة ١٢٩٩هـ/ ١٨٨١م، ت: علي البصري، الدار العربية للموسوعات، (ب.م).
- رافق، عبدالكريم (١٩٨٦)، مظاهر التنظيم الحرفي في بلاد الشام في العهد العثماني، دمشق.
- رؤوف, عماد عبدالسلام (١٩٧٥)، الموصل في العهد العثماني "فترة الحكم المحلي ١٧٢٦ــ ١٨٣٤"، مطبعة الآداب، النجف الأشرف.
- ريمون، اندريه (١٩٧٤)، فصول في التاريخ الاجتماعي للقاهرة العثمانية، ت: زهير الشايب، مطبعة روز اليوسف، القاهرة.
- ريمون، أندريه (٢٠٠٥)، الحرفيون والتجار في القاهرة في القرن الثامن عشر، ج١، ت: ناصر احمد ابراهيم و باتسى جمال الدين، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.
- عامر، عبدالسلام عبدالحليم (١٩٩٤)، طوائف الحرف في مصر ١٨٠٥ــ١٩١٤، دار النهضة، القاهرة.

- عبدالرحيم، عبدالرحيم عبدالرحمن (١٩٨٨)، الحياة الاجتماعية في مدينة القاهرة إبان العصر العثماني ١٥١٧–١٧٩٨م، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- فاروقي، ثريا و اخرون (٢٠٠٧)، التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية، المجلد الثاني ١٦٠٠–١٩١٤م، ت: د.قاسم عبده قاسم، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت.
- فروخ، عمر (١٩٨٤)، كلمة في تعليل التاريخ، دار العلم للملاين، مطبعة العلوم، بيروت.
- قاشا، الأب سهيل (٢٠١٠)، الموصل في العهد الجليلي ١١٣٩–١٢٥٠هـ / ١٧٢٦–١٨٣٤م، ط١، منشورات التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة ديموبرس للطباعة والتجارة، بيروت.
- كوپريلي, محمد فؤاد (١٩٦٧)، قيام الدولة العثمانية، ت: احمد سعيد سليمان، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، مصر.
- كوثراني، وجيه (١٩٨٨)، العلماء والطرق الصوفية والتنظيم الحرفي معطيات من تاريخ السلطة والمجتمع في ولاية سورية، ضمن كتاب (الحياة الاجتماعية في الولايات العربية أثناء العهد العثماني, جمع وتقديم: عبدالجليل التميمي، زغوان).
- كوندز، احمد آق و اوزتورك، سعيد (٢٠٠٨)، الدولة العثمانية المجهولة، منشورات وقف البحوث العثمانية، Mas Matbaacilic، اسطنبول.
- لويس، برنارد (١٩٨٢)، استنبول وحضارة الخلافة الاسلامية، ت: د.سيد رضوان علي، ط٢، الدار السعودية للنشر والتوزيع، الرياض.
- مانسيل، فيليب (٢٠١٥)، القسطنطينية المدينة التي اشتهاها العالم ١٤٥٣–١٩٢٤, ج٢، ت: د.مصطفى محمد قاسم، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.
- مجموعة مؤلفين (١٩٩٩)، الدولة العثمانية تاريخ وحضارة، اشراف وتقديم: أكمل الدين احسان اوغلى، ت: صالح سعداوي، ج١ ، مطبعة YELDIZ YAYNCILIK، استانبول.
- مراد، خليل علي (٢٠١٥)، من وثائق الأرشيف العثماني دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية أربيل ٩٤٩هـ/١٥٤٢م، مطبوعات الأكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
- مراد، خليل علي و البوتاني، عبدالفتاح علي (٢٠١٣)، بادينان في سالنامات ولاية الموصل العثمانية ١٣٠٨–١٣٣٠هـ/١٨٩٠–١٩١٢م، مطبوعات الأكاديمية الكوردية، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.

- نصار، عبدالعظيم عباس (١٤٢٧هـ)، بلديات العراق في العهد العثماني١٥٣٤_١٩١٨م "دراسة تاريخية وثائقية"، ط١، الناشر: المكتبة الحيدرية، مطبعة شريعت، (ب.م).
- نعيسة، يوسف جميل (١٩٨٦)، مجتمع مدينة دمشق في الفترة مابين ١١٨٦_١٢٥٦هـ / ١٧٧٢_١٨٤٠م، ج١، ط١، دار طلاس، دمشق.
- نورس، علاء موسى كاظم و رؤوف، عماد عبدالسلام (١٩٨٣)، عهد المماليك والأسر الحاكمة، ضمن كتاب (العراق في التاريخ), دار الحرية للطباعة، بغداد.
- هرشلاغ, ز.ي. (١٩٧٣)، مدخل الى التاريخ الاقتصادي الحديث للشرق الأوسط, ت: مصطفى الحسيني، دار الحقيقة، بيروت.
- هريدي، صلاح أحمد (٢٠٠٣)، الحرف والصناعات في عهد محمد علي، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، القاهرة.
- ونتر، ميكل (٢٠٠١), المجتمع المصري تحت الحكم العثماني, ت: إبراهيم محمد إبراهيم، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

**كتێبە ئینگلیزییەکان:**

- Faroqhi, Suraiya (2009), *Artisans of Empire "Crafts and Craftspeople Under the Ottomans"*, prented amd bound in India by Thoson press.
- Freitag, Ulrike et al (2011), *The City in the Ottoman Empire "Migration and the Making of Urban Modernity"*, First Published, by Routledge, London and New York.
- Kia, Mehrdad (2011), *Daily Life In The Ottoman Empire*, The Greenwood Press Daily Life Through History Series, Clifornia.
- Qwataert, Donald (2005), *The Ottoman Empire 1700_1922*, Second Edition, Cambridge University Press, New York.

**نامە و تێزە ئەکادیمییەکان:**

- حميدي، مريم و حموش، نادية (٢٠١٥)، نظام الطوائف الحرفية في الدولة العثمانية خلال القرن ١٠هـ/١٦م (بلاد الشام ومصر) نموذجا، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية, جامعة الدكتور يحي فارس بالمدية.
- العطار، عماد عبدالسلام رؤوف (١٩٧٦)، الحياة الاجتماعية في العراق إبان عهد المماليك ١٧٤٩_١٨٣١، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة القاهرة.

- غطـــاس، عائشـــة (٢٠٠١)، الحـــرف والحرفيـــون بمدينـــة الجزائـــر ١٧٠٠–١٨٣٠مقاربـة اجتماعيـة –اقتصـادية، أطروحـة دكتـوراه، كليـة العلـوم الإنسـانية، جامعة الجزائر.

**كتێبە فەرهەنگییەکان:**

- المصـري، حسـين مجيـب (٢٠٠٤)، معجـم الدولـة العثمانيـة، ط١،منشـورات دار الثقافة للنشر، القاهرة.
- صـابان، سـهيل (٢٠٠٠)، المعجـم الموسـوعي للمصـطلحات العثمانيـة التاريخيـة، مطبوعات مكتبة الملك فهد الوطني، الرياض.

**گۆڤارەکان:**

- الخزاعي، كريم عاتي لعيبي و عبدالله، حـارث علـي (٢٠١٥)، أنـواع الحـرف فـي بلاد المغرب من خلال كتاب المعيار المعرب للونشريسي المتوفي ٩٤١هـ، مجلـة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية/ جامعة بابل، العدد (٢٢).
- عـامر، محمـود (٢٠١٢)، المصـطلحات المتداولـة فـي الدولـة العثمانيـة ، مجلـة دراسات تاريخية–العددان ١١٧–١١٨.

**پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

- رؤوف، عمـاد عبدالسـلام (٢٠١٤)، الملامـح الاجتماعيـة لنظـام الأصـناف فـي العـــــراق إبـــــان العصـــــر العثمـــــاني, (أونلايـــــن)، رابـــــط الموضـــــوع : http://www.alukah.net/culture/0/65585/#ixzz5My7pUHzM

**ملخص:**

تميزت فترة الحكم العثماني بخصائص عدّة ميزتها عن الفترات التي سبقتها، ولا يرجع هذا التميّز إلى امتداد هذه الفترة زمنياً وجغرافياً فحسب، بل إلى وجود نظام غاية في الأهمية سواء من الناحية الإدارية، السياسية، الاجتماعية، العسكرية، الدينية وحتى الحضارية والتي شملت جميع نواحي الحياة.

أن تزايد النشاط الحرفي، وتطور العلاقات الإنتاجية بين الحرفيين من جهة، وغيرهم والدولة من جهة أخرى، قد أدى إلى تعاظم أهمية الأصناف الحرفية باعتبارها تنظيمات اقتصادية اجتماعية ذات أسس أخلاقية خاصة، يشكل أعضائها القوى الفاعلة والأغلبية في المجتمع وكذلك تؤدي دورها المطلوب في تماسك العلاقات الاجتماعية بين الطوائف الحرفية وعلاقات أفرادها.

**Abstract:**

The period of Ottoman rule was characterized by several characteristics that distinguished it from the periods preceding it. This distinction is due not only to the period of time and geography, but also to the existence of a system of great importance in terms of administrative, political, social, military, religious and even civilizational, which encompassed all aspects of life.

The increase in artisanal activity, the development of productive relations between artisans on the one hand, and others and the state on the other, have led to the growing importance of artisanal groups as socio-economic organizations with special ethical foundations. Their members constitute the active forces and the majority in society, as well as their role in the cohesion of social relations between artisanal communities and their individual relations.